Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080412

مستەفا نەریمان ڕۆڵی لەبواری سیاسی و ڕۆشنبیری
توێژینەوەیەکی مێژووییە لە ژیان و بەرهەمەکانی

زیاد نعمان محمود

بەشی مێژوو/ کۆلێژی پەروەردە / زانکۆی گەرمیان

حسین اسماعیل عزیز

Article Info

Received: October , 2021
Accepted : Noember ,2021
Published :Desember ,2021

Keywords

مستەفانەریمان، ڕۆڵی سیاسی، شاري كفری، هیوا.

Corresponding Author

[illegible]

پوختە

مستەفا کوری سەید ئەحمەد کوری شێخ عەبدولصەمەدی شیخ مستەفای سەید مەحمودە، لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٢٤ لەشاری كفری لەدایك بووە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لەکفری تەواو کردووە و قۆناغی ناوەندیشی لە شاری کەرکوك تەواو کردووە، لەساڵی ١٩٤٤ خانەی ماموستایانی بەغدادی (دار المعلمين) تەواو کردووە، پاشان بووەتە مامۆستا لە کەلار، دواتر بۆ کەرکوك گواستراوەتەوە، بەهۆی بیروڕای سیاسییەوە لە کەرکوکەوە بۆ شاری کوت لەناوەڕاستی عێراق دوورخراوەتەوە، مستەفا نەریمان لەساڵی ١٩٥٧ یەکەمین ڕۆژمێری کوردی داناوە، کە زۆربەی ڕووداوەکانی گەلی کورد تێدا تۆمارکردبوو، بۆیە لەلایەن حوکمەتی پاشایەتییەوە دەستگیراوە و ڕۆژمێرەکەش سوتێنراوە و زۆربەی کتێبەکانیشی سوتێنراوە، وێرای ئەوەش لە بواری ڕۆشنبیری ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە یەکەم کەس بووە کە توانیویەتی بیبلیۆگرافیا بۆ کتێبە کوردییەکان دابنێت، مستەفا نەریمان لە ڕووی سیاسییەوە ڕۆلیکی بەرچاوی هەبووە لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا لەنێو پارتی هیوا، هەروەها یەکێک بووە لە ئەندامە سەرەتاییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناوچەی کفری، بەهۆی گرنگی پێگەی لەپارتیدا لەساڵی ١٩٦٧ کراوەتە بەرپرسی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کوت. چەندین جار بەندکراوە و فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرکراوە، بەڵام جێبەجێنەکراوە و ئازاد کراوە، لەسەرەتایی شوڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ ئەندامی وەفدی کوردی بووە بۆ پیرۆزباییکردن لە عبدالكريم قاسم، هەروەها داواکاری مافی خوێندنی کوردی لە کوردستان پێشکەش بە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم کردووە، لەساڵی ١٩٦٧ لەبەغدا نیشتەجێ بووە، بە یەکجاری دەستبەرداری کاری سیاسی بووە، لەساڵی ١٩٨٢ کراوە (مفتش عام) لەپەروەردەی بەغداد، هەروەها ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد بووە، ماوەیەکیش لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی بووە و چەندین کتێبی گرنگی مێژووی لەو دەزگایەدا لەسەردەمیدا بەچاپ گەیەنراوە. تاوەکو کۆتایی تەمەنی خزمەتی بە ئەدەب و مێژووی کورد کردووە، (٢٣) کتێبی بەچاپ گەیاندوە، تاوەکو ئێستاش کۆمەلێك دەستنووسی ماوە و پارێزراوە. جگە لەوانەش کاری رۆژنامەوانی لە گۆڤاری بەیان و ڕەنگین و ڕۆشنبیری نوێدا کردووە، (٨) بیبلیۆگرافیای داناوە و چەندین کتێبی مێژوویی بەچاپ گەیاندوە، لەرۆژی (٢٧ی ئایاری ١٩٩٤) لە شاری بەغداد کۆچی دوایی کردووە، لە گوڕستانی (محمد سكران) لە شارۆچکەی (عظيم) لەناوەڕاستی عێراق بە خاك سپێردراوە.

پێشەکی:

دەڤەری گەرمیان بە بارتەقای پڕ لە چەرمەسەری و مەینەتییەکانی ئاوڕ لەنوسینی مێژوو و دیرۆکەکەی نەدراوەتەوە، خەبات و قوربانییە زۆرو بێ شومارەکەی تۆمارنەکراون، مستەفا نەریمان لە سەردەمێکدا ژیاوە کەلە شاری کفری و دەوروبەریدا گرنگیدان بە نوسین و گەشەکردنی ڕۆشنبیری تازە ڕچەڕێگای خۆی گرتبوو، ئەویش وەکو خاوەن قەڵەمێکی بەبڕشت و پڕ لەداهێنان هەوڵێکی بێوچانی داوە بۆ ئەوەی کەلێن و کەلەبەرەکانی بواری نوسینەوەی مێژووی و ڕۆشنبیری گەرمیان و کوردستان پڕ بکاتەوە، بەرێکەوت لەژیاندا بووەتە مامۆستا و لەهەست و ڕوحدا کوردایەتیەکی خاوێن و بێگەرد هەبووە.

ئەم توێژینەوەیە تایبەتمەندە بە ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری سەید مستەفای کوڕی سەید ئەحمەد کەبە (مستەفا نەریمان) ناسراوە، هەروەها ژیان و بەرهەمەکانیشی دەخاتە ڕوو، شیکردنەوەی خەبات و کۆششی ئەو نوسەرە کەلەناو هەناوی مێژووی ئەو سەردەمەدا شایەتحاڵی بەشێك لە ڕووداوەکان بووە، لە وێستگە و قۆناغە جیاوازەکاندا ژیاوە، هەر لەسەردەمی پاشایەتی و کۆماری و دوای ڕاپەڕینیش بەردەوام خزمەتی بە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە و نوسین و ڕۆژنامەگەری کردووە.

مستەفا نەریمان ژیانی تەژی بوو لەخزمەت و خەبات تاوەکو دوا هەناسەی قەڵەمی لەدەست نەکەوتە خوارەوە، بەردەوام خزمەتی بە کاروانی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی کوردی کردووە، جێگای شیاو و ڕۆڵی ئەکتیڤی لە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا هەبووە، هاوکات لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە کەسێکی بەسەلیقە و چالاکی ئەو بوارە بووە.

گرنگیی توێژینەوەکە :

مستەفا نەریمان ڕۆڵی گرنگی لەڕووی سیاسی و ڕۆشنبیری و نوسینەوە لەناوچەی گەرمیاندا هەبووە، هەروەها خزمەتێکی گەورەی بە بواری ڕۆژنامەگەری کوردی کردووە، بەڵام ئەو نوسەرە تاوەکو ئێستا هیچ لێکۆڵینەویەکی زانستی و ئەکادیمی لەسەر نەکراوە، ئەمەش دەبێتە یەکەمین توێژینەوەی زانستی دەربارەی ناوبراو .

ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئێمە ئەوەیە کەلە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیە خزمەتێك بە نوسەر و ناوچەی گەرمیان بکەین، لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا وەکو پێویست گرنگی بەو نوسەرە نەدراوە، مستەفا نەریمان یەکێکە لەئەو نوسەرانەی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی لەسەر نەکراوە. هەروەها بۆئەوەی لێکۆڵەران و ڕۆشنبیرانی ناوچەکە زیاتر شارەزای کەسە ڕۆشنبیر و سیاسییەکانی سەدەی ڕابردووی کورد بن.

میتۆدی توێژینەوە :

لەنوسینی ئەم توێژینەوەدا پشت بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی (زانستی مێژوویی) لەسەر بنچینەی (شیکردنەوە و هەڵهێنجاندن) بەستراوە، ئەمەش بە تێڕامان و وردبوونەوە لە کەرەستەی بەردەست و سەرچاوە و بەڵگەنامە مێژووییەکان و دیدار و چاوپێکەوتنەکان، کە کەرەستەی پێویست و زانستین بۆ توێژینەوەکە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە :

پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەك و سێ بەش و تەوەرەکانی و پاشان ئەنجامی توێژینەوەکە پێکهاتووە، بەم شێوەیە: بەشی یەکەم : ژیانی (مستەفا نەریمان) و بواری پەروەردەیی، باسی یەکەم / ژیان و خوێندنی ، کە ڕەچەڵەك و ژیان و خوێندنی دەخاتە ڕوو، لە باسی دووەمیشدا/ ڕۆڵی پەروەردەیی و مامۆستایەتی و باری خێزانی باسکراوە، بەشی دووەم : ڕۆڵی سیاسی مستەفا نەریمان شەنوکەو دەکات، لەباسی یەکەمدا/ ڕۆڵی مستەفا نەریمان لە پارتی (هیوا)، لەباسی دووەم/ ڕۆڵی مستەفا نەریمان لە (پارتی دیموکراتی کوردستان) دەخاتەڕوو، لەبەشی سێیەمی : ڕۆڵی مستەفا نەریمان لەبواری نوسین و ڕۆشنبیریدا، لە چەند باسێك پێکدێت، باسی یەکەم/ چالاکییەکانی لەچوارچێوەی یانەی سەرکەوتنی کوردان و ساڵنامەی کوردی و سانسۆری کتێبدا، باسی دووەم/ باسی پەرتووك و نووسراوەکانی دەکات لە بوارەجیاوازەکان، باسی سێیەم / هەوڵەکانی لەبواری دانان و وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکان دەخاتە بەر باس،لە باسی چوارەمدا/ هەوڵەکانی لەبواری ڕۆژنامەوانی، پاشانیش لیستی سەرچاوە و پاشکۆ خراوەتە ڕوو.

بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە سوود لە کۆمەڵێك سەرچاوەی زانستی بە زمانی کوردی و عەرەبی وەرگیراوە، ئەو سەرچاوانەش بریتین لە (کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، بەڵگەنامە، چاوپێکەوتن،...)، گرنگترین ئەو سەرچاوانەش خودی کتێبەکانی مستەفا نەریمانن، لەوانە کتێبی (بیرەوەریەکانی ژیانم / مستەفا نەریمان)، هەروەها کتێبی (گەرمیان ڕابردووی نزیك و ئایندە/ محەمەد شاکەلی ، هەروەها سوود لە گۆڤار و چاوپێکەوتن و بەڵگەنامە وەرگیراوە کەلە پەراوێز ئاماژەیان پێ کراوە.

مستەفا نەریمان بەگشتی شوێن پەنجەی لەسەر ڕەوتی ڕۆشنبیری و بزافی کوردایەتی و گەشەکردنی هزری نەتەوایەتی دیار و بەرچاوە. وەك ڕێزلێنان لەو ئەرك و ماندووبوونەی لە پاش مردنی پەیکەرێکی لەپێش کتێبخانەی گشتی شاری کفری بۆ دروستکراوە و قوتابخانەیەکی بنەڕەتی بە ناوەوە نراوە.

بەشی یەکەم : ژیانی مستەفا نەریمان و بواری پەروەردەیی

باسی یەکەم : ژیان و خوێندنی

١ – ژیان و ڕەچەڵەکی

مستەفا نەریمان ناوی تەواوی (مستەفا کوڕی سەید ئەحمەد کوڕی شێخ عەبدولصەمەدی شێخ مستەفای سەید مەحمود)ە، لە(٢٨ی حوزەیرانی١٩٢٥)لەشاری کفری[1] لەدایك بووە[2]، ناسراوە بە (نەریمان)، باوکی بەرەچەڵەك دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەی(پیرخدری شاهۆ)، مەزاری باپیرانی لە ناحیەی سەرقەڵایە، بەناوی گۆڕی (چواربەیراخە) ناوزەدکراوە. ئەم خانەوادەیە لەساڵی ١٣٣٩ز لەناوچەی گەرمیان نیشتەجێبوون و لەچەند گوندێکدا ژیاون، باوکی مستەفا نەریمان(سەید ئەحمەد) لەساڵی ١٨٩٤لەدایك بووە، سەرەتا لەلای مەلا خوێندویەتی، دواتر گەیشتۆتە پلەی (ڕوشدییە)، لەساڵی ١٩١٨لە کفری نیشتەجێبوون، دوکانێکی کوتاڵفرۆشی داناوە و دەستی بە کاری بازرگانی کردووە، لەساڵی ١٩٢١ لەگەڵ(زەریفە

حاجی فتح الله دەلۆ) (١٩٠٠-١٩٧٦) ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە،چوار کوڕ و دوو کچیان هەبووە، بە ناوەکانی(مستەفا ١٩٢٥-١٩٩٤،هاشم ١٩٣٥-٢٠١٣، موکەڕەم ١٩٤٢-٢٠١١،فاتیح ١٩٤٤-٢٠١٩،ئامینە١٩٣٠-٢٠٠١، زەینەب١٩٢٧-١٩٩٩)، باوکی پێشنوێژی کردووە، ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی قەزای کفری بووە، لەساڵی ١٩٨٥ هەر لەو شارە کۆچی دوایی کردووە [٣].

٢ – قۆناغی خوێندنی

مستەفا نەریمان لەمنداڵیەوە دەستی بەخوێندنی ئاینی کردووە، سەرەتا لەلای مەلا خوێندویەتی و بەردەوام بووە تاوەکو هەموو قورئانی خەتم کردووە، (مەلا راغب ئیسماعیل)و (مەلا محێدین شێخ قادر) وانەی ئاینیان پێ وتووەتەوە[٤]، دواتر لەساڵی (١٩٣١) چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی کفری لەو قوتابخانەیەدا کە تەنها بۆ کوڕان بووە، لەو سەردەمەدا هیچ کچێك لە قوتابخانەی شاری کفری نەیخوێندوە[٥]، چەند کەسایەتیەك هاوپۆلی بوون(حوسێن حاجی سەمین، محەمەد قادر، موکەڕەم تاڵەبانی[٦])، زۆربەی مامۆستاکانی تورکمان بوون و لەکەرکوکەوە هاتوون، خوێندن بە زمانی تورکمانی بووە، دواتر لەساڵی ١٩٣٣ قوتابخانەی سەرەتایی بۆ کچانیش لەشارەکە کراوەتەوە، دوای کۆچی دوایی مەلیك فەیسەڵ (١٩٢١-١٩٣٣)مامۆستای عەرەب بۆ قوتابخانەی کفری هاتووە، لەوانەش مامۆستا (محەمەد خورشید داودی) سرودی کوردی فێری قوتابیەکان کردووە، مستەفا نەریمان لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٧ لەتاقیکردنەوەی نیشتمانی پۆلی شەشەم دەرچووە، لەبەرئەوەی لەئەو سەردەمەدا خوێندن لە قۆناغی ناوەندی لەشاری کفری نەبووە، بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕووی لەشاری کەرکوك کردووە[٧].

خوێندنی ناوەندی لە کەرکوك: لەسیەکانی سەدەی رابردوودا قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی لە کەرکوك هەبووە، قوتابیانی ئەو شارانەی سەر بە لیوای کەرکوك بوون بۆ تەواوکردنی خوێندن چوونەتە کەرکوك، کە خوێندن لەناوەندی سێ ساڵ و دواناوەندی دووساڵ بووە، لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێی پێکەوە خوێندویانە، لە گەرەکی ئاوچی خانوویەکیان بە کرێ گرتووە، هەر یەکێك لە هاوڕێکانی کەسێکی لەگەڵدابوو بۆ چاودێری و خزمەتکردنی، مستەفا نەریمانیش نەنکی (دایکی دایکی) بەناوی (حەلیمە عەلی دەوریش دەلۆ) بۆ خزمەتکردنی لەگەڵی بووە[٨]، مستەفا نەریمان بەچوار ساڵ و لە ساڵی ١٩٤١ قۆناغی ناوەندی تەواو کردووە[٩].

٣- خوێندن لەخانەی مامۆستایانی بەغدا

دوای تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی لەساڵی ١٩٤١ لەخانەی مامۆستایانی بەغدا (دار المعلمین)[١٠] وەرگیراوە[١١]،لە خانەی مامۆستایان دوو هاوڕێی هەمیشەی هەبووە ئەوانیش (کەریم زەند١٩٢٥-٢٠١٧، محەمەد تۆفیق وەردی١٩٢٣-١٩٧٢) بوون، هاوسەردەمی بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیری بووە، بەهۆی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك گۆڤار و ڕۆژنامەوە توانی ببێتە خوێنەری ئەو بڵاوکراوانەی کەلەو سەردەمە دەرچوون، لەشاری بەغدا کۆمەڵێك کەسایەتی گرنگی ناسیووە، لەوانە حوسێن حوزنی موکریانی(١٨٨٣-١٩٤٣)و عەلائەدین سەجادی (١٩٠٧-١٩٨٤)[١٢]، هەروەها سەردانی دوکانەکەی (بەشیر موشیر)ی کردووە، لەگەڵ هونەرمەند(عەلی مەردان) ئاشنایەتی پەیداکردووە و جارجار سەردانی ئێزگەی کوردی بەغدای کردووە، چووەتە (یانەی سەرکەوتنی کوردان) لە بەغدا کە ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری بووە، لەگەڵ هاوڕێکانیدا سەردانی کتێبخانەی گشتی کردووە و کتێبی عەرەبی و گۆڤارەکانی وەك (الرسالة، المختار، الطریق) یان خوێندۆتەوە، لەو سەردەمەدا دەستی کردووە بە نوسین و یەکەم نوسینیشی هۆنراوەیەك بووە، لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوبووەتەوە[١٣]، هەر لە ڕێگەی نوسین و خوێندنەوەوە تێکەڵ بە سیاسەت بووە، لەساڵی (١٩٤٢)دا پەیوەندی بە پارتی(هیوا)وە کردووە[١٤]، توانی چەند کەسایەتیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری بناسێت لەوانە(برایم حەمەخانی گێژ)[١٥] و هەروەها سەردانی ماڵی(موراد مەدحەت موبارەکی) کردووە کە پێشتر کەسێکی دیاری ناوچەی کفری بووە، هەروەها هاتوچۆی داود بەگی جاف(١٨٩٢-١٩٦٦)، جەمیل بەگی مەجیدپاشای بابان (١٨٨٨-١٩٤٦)ی کردووە، کە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوون، لەساڵی ١٩٤٤ خانەی مامۆستایانی بەغدای تەواو کردووە و بووە بە مامۆستا لە کوردستان و ناوەڕاستی عێراق خزمەتی کردووە[١٦].

باسی دووەم : خزمەتکردن لەبواری پەروەردەیی (مامۆستایەتی)

١ – پیشەی مامۆستایەتی :

مستەفا نەریمان لە ساڵی ١٩٤٤ خانەی مامۆستایانی بەغدای تەواوکردووە، لە(١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٤)دا بڕیاری دامەزراندنی دراوە [١٧]، بە گوێرەی یاسای ئەو سەردەمە دەرچووانی خانەی مامۆستایان بە مامۆستا لەناو شارەکان دادەمەزران، بەڵام ناوبراو لەسەر داوای(ڕەفیق حیلمی)[١٨] بۆ بەرژەوەندی حیزبی هیوا لە قوتابخانەی کەلار، لە(١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٤) دەستبەکاربووە، وەك مامۆستا لە کەلار و گوندەکانی دەوروبەری توانی پەنجا منداڵ بهێنێتە بەر خوێندن، بۆ ماوەی دوو ساڵ لەو قوتابخانەیەدا وانەی وتووەتەوە[١٩]، دواتر لەناحیەی سەرقەڵای سەر بەقەزای کفری دەستی بە وانەوتنەوە کردووە، ماوەی چوار مانگ لە قوتابخانەی سەرەتایی سەرقەڵا ماوەتەوە [٢٠]، مستەفا نەریمان لەو ماوەیەدا بە شێوەی دەرەکی تاقیکردنەوەی پۆلی پێنجی ئامادەیی کردووە و سەرکەوتوو بووە، ویستویەتی بچێتە دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن، بەڵام ڕەفیق حیلمی لەسۆنگەی کوردایەتیەوە ڕازی نەبووە[٢١].

لەساڵی ١٩٤٧ بۆ قوتابخانەی (کۆڵەجۆ) گوازراوەتەوە لەناوچەی (زەندئاباد) کە کەوتووەتە نێوان کەلار و جەلەولاوە، لەو کاتەدا بە هۆی نەبوونی مامۆستاوە قوتابخانەکە داخرابوو، بەڵام ئەو قوتابخانەکەی کردووەتەوە و منداڵێکی زیاتری هێناوەتە بەر خوێندن، لەکاتی سەردانی پشکنەری کەرکوك بۆ قوتابخانەکەیان، نەریمان داوای لێکردووە بۆ کەرکوك بیگوازێتەوە، ئەویش بەڵێنی پێداوە بیگوازێتەوە، بەڵام بەمەرجێك قوتابخانەیەکی نوێ لە گوندی (بانسنوق) لەسەر ئەرکی ئاغای گوندەکە دروست بکات، بۆ ماوەی ساڵێکیش وانەی تێدابڵێتەوە، پاش ئەوەی نەریمان مەرجەکەی جێبەجێ کردووە پشکنەری کەرکوك گواستویەتیەوە بۆ کەرکوك [٢٢].

لەساڵی خوێندنی (١٩٤٨-١٩٤٩) لەقوتابخانەی (الهاشمیة) لە گەرەکی ئاوچی لە کەرکوك دەستی بە وانەوتنەوەکردووە، لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٤٩-١٩٦١)لەو شارەدا چەند کەسایەتیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری ناسیووە لەوانە: جەمال نەبەز (١٩٣٣–٢٠١٨)، هەژار موکریانی(١٩٢١–١٩٩١) پەیوەندییەکی باشی لەگەڵیاندا هەبووە. لە ساڵی ١٩٥١ بۆ قوتابخانەی (قلعة الثانیة) گوازراوەتەوە، کە لەسەر قەڵای کەرکوك بووە،

لەو قوتابخانەیە کتێبی پرۆگرامەکان بە زمانی عەرەبی بووە، وانەوتنەوە بە گوێرەی گەڕەکەکان بە زمانی کوردی و تورکمانی بووە، لەچەندین قوتابخانەی دیکەدا وانەی وتووەتەوە، لەساڵی ١٩٥٨ بووەتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی (النجاح) تاوەکو ساڵی ١٩٦١.

مستەفا نەریمان پاش شۆڕشی (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨) لە چەند خولێکدا بۆ فێرکردنی منداڵان و ناساندنی ئەلف و بێی کوردی بەشداربووە، بەردەوام لەهەوڵدا بووە بۆ فێرکردنی خەڵکی تەنانەت کاتێك لە زیندانیش بووە لە بەندیخانەی جەلەولا بەندکراوانی فێری خوێندن و نوسین کردووە، پاش ئازاکردنی لە زیندان لەساڵی ١٩٦١ بەفەرمانێك بۆ شاری کوت دوورخراوەتەوە، لە قوتابخانەیەکی ئێواران بەناوی (العزة) لە گەڕەکی (عزە) وانەی وتووەتەوە، دواتر بۆ ماوەیەك لە خانەی مامۆستایانی بەغدا وانەی کوردی وتووەتەوە [٢٣]، لەساڵی ١٩٦٦ بە خێزانەوە شاری کوت بەجێدەهێڵێت و چووەتە شاری بەغدا، بەهۆی هەڵوێستی سیاسییەوە بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك فەسڵکراوە، پاشان لە قوتابخانەی (البارودية) دەستی بە وانەوتنەوە کردووە، لەساڵی(١٩٦٧-١٩٧٠) بووەتە بەڕێوەبەری هەمان قوتابخانە[٢٤]، بەهۆی زۆری خزمەتی لەبواری پەروەردە و دڵسۆزی لەپیشەکەیدا لەساڵی ١٩٧١ کراوەتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی (المفتش التربوي) لە کەرتی ڕەسافەی شاری بەغدا، بۆیە ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە دانانی کۆمەڵێك مامۆستای کورد لە پەروەردە بۆ وتنەوەی وانەی زمانی کوردی لەبەشە کوردییەکاندا، لە ساڵی ١٩٨٢ لەسەر داوای خۆی خانەنشین کراوە، دەستی بەکاری نوسین کردووە بەیەکجاری دەستبەرداری مامۆستایەتی بووە[٢٥].

٢- باری خێزانداری و کۆمەڵایەتی

مستەفا نەریمان لەپاش ئەو هەوڵە سەرنەکەوتووەی بۆ چوونە دەرەوەی وڵات بۆ تەواوکردنی خوێندن، بەهۆی ڕێگەپێنەدانی، بۆیە لەساڵی ١٩٤٦ لەگەڵ(خەدیجە کچی مەلا راغب) هاوسەرگیری کردووە[٢٦]، لەو ماوەیەدا لە ناحیەی سەرقەڵا مامۆستا بووە، بۆیە هەر لەوێ نیشتەجێ بووە، بەڵام پاش گواستنەوەی بۆ گوندی (بانسنوق) ماڵی بردۆتە ئەو گوندە، پاشان ئەوە لە گەڕەکی (ئاوچی) کەرکوك نیشتەجێ بووە، هەر لەشاری کەرکوك ئەم منداڵانەیان (سەڵاحەدین ١٩٥٠، سەردار١٩٥٢، نەسرین ١٩٥٣، سهیلە ١٩٥٤، سالار ١٩٥٥، دڵشاد ١٩٦١) لەدایك بوون [٢٧]، تاوەکو ساڵی ١٩٥٧ لە کەرکوك کرێچی بووە، بەڵام پاش ئەوە لە گەڕەکی(ئیمام قاسم) خانوویەکی دروستکردووە و لە کرێچێتی ڕزگاری بووە، لەساڵی ١٩٦١ ماڵی بۆ شاری (کوت) گواستووەتەوە لە گەڕەکی (جەعفەریە) خانوویەکی بە کرێ گرتووە و نیشتەجێ بووە، لەو ماوەیەی لەکوت مامۆستا بووە لەسەر هەڵوێستی کوردپەروەرانە گیراوە و لە کاری مامۆستایەتی فەسڵکراوە، لە کۆتاییدا لەساڵی ١٩٦٧ ماڵی چووەتە شاری بەغدا و بە یەکجاری لەو شارە نیشتەجێ بووە تاوەکو کۆچی دوایی کردووە [٢٨].

لەساڵی ١٩٧٨ چووەتە شاری لەندەن و لە ساڵی ١٩٨١ بە مەبەستی چارسەرکردنی خێزانەکەی سەردانی شاری پاریسی کردووە، پێشتریش لە ساڵی ١٩٧٩ وەکو ئەرکێکی ئایینی حەجی ماڵی خوای کردووە[٢٩]، دوای ساڵانێکی زۆر خزمەت لە بواری پەروەردە و ڕۆژنامەوانی کوردی توانی (٢٣)کتێب بەچاپ بگەیەنێت، لە ڕۆژی هەینی لە(٢٧ی ئایاری ١٩٩٤)لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە[٣٠]. پێشتر وەسیەتی کردبوو لە گۆڕستانی (باوەشاسوار) لە شاری کفری بە تەنیشت باوکیەوە بنێژرێت و تەڵقینی بە زمانی کوردی بۆ بخوێنن، بەڵام وەسیەتەکانی جێبەجێ نەکرا، چونکە لەو کاتەدا بارودۆخی کوردستان سەقامگیرنەبووە و نەتوانراوە تەرمەکەی بۆ شاری کفری بهێنرێتەوە، بۆیە لە گۆڕستانی (محەمەد سەکران) لە ڕێگەی بەغدا بەخاك سپێردراوە [٣١]، هەروەها وەسیەتێکی دیکەی ئەوەبووە کەهەموو کتێبەکانی پێشکەش بە کتێبخانەی کفری بکرێت [٣٢]، بەڵام دوای پێنج ساڵ لە مردنی و لە ساڵی ١٩٩٩ بە ڕێگای قاچاغ توانراوە (٢٩٠٠) کتێب و گۆڤار لە شاری بەغداوە بۆ شاری کفری بهێنرێتەوە و پێشکەش بە کتێبخانەی کفری بکرێت [٣٣].

بەشی دووەم : ڕۆڵی سیاسی مستەفا نەریمان

باسی یەکەم : ڕۆڵی لە پارتی هیوادا

لەسەر پێشنیاری یونس ڕەئوف ناسراو بە دڵدار[٣٤] کۆمەڵەیەکی سیاسی دامەزرا[٣٥]، لە ڕۆژانی یەکەمی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٧ لەلایەن گروپێك لە قوتابیانی قوتابخانەی ئامادەیی مەرکەزی کەرکوك کۆمەڵەیەکی سیاسی بەناوی(دارکەر)[٣٦] دامەزرا، یەکەمین کۆبوونەوەی نهێنی خۆی لەو ساڵەدا سازدا و کۆبوونەوەی دووەمیشی لەماڵی (حامد بورهان جاف)لە گەڕەکی بەگلەر لەشاری کەرکوك ئەنجامدا[٣٧].

کۆمەڵەی دارکەر لەدوا کۆنگرەی[٣٨] خۆیدا کە لە مانگی نیسانی ١٩٣٩ لەکەرکوك ئەنجامیدا، ناوی بۆ پارتی هیوا[٣٩] گۆڕا و ڕەفیق حیلمی(١٨٨٩-١٩٦٠)بە سەرۆکی باڵای ئەو پارتە دەستنیشان کرا [٤٠].

کاتێك بنکەی پارتی هیوا بۆ شاری بەغدا گوێزرایەوە لەنێو قوتابیان و ڕۆشنبیران چالاکی ئەنجامداوە، مستەفا نەریمانیش لەساڵی ١٩٤٢ لەخانەی مامۆستایانی بەغدا بووە چووەتە ڕیزی پارتی هیواوە،سوێندی بە قورئان و نەخشەی کوردستان خواردووە کە دڵسۆزی پارتەکە بێت، جێگەی متمانەی (ڕەفیق حیلمی) بووە، لەشاری کفری چەندین کەسی هێناوەتە ڕیزی هیواوە ئابوونەی لێ وەرگرتوون و ڕادەستی پارتەکەی کردووە، پێشتریش پارتی هیوا ڕێکخستنی لە کفری هەبووە، سەرەتا (موکەڕەم تاڵەبانی) سەرپەرشتی ڕێکخستنی کردووە، دواتر بەهۆی کێشەی نێوان تاڵەبانی و جافەوە، محەمەد قەرەداغی ئەو ئەرکەی پێ سپێردراوە، چونکە گوندی کەلاریش سەر بە ڕێکخستنەکانی کفری بووە[٤١].

ئەم پارتە توانی لەسنووری کفری و گەرمیاندا هەوادار و لایەنگیر و خەڵکی خۆی پەیدا بکات و هەندێ سەرۆك هۆز و کەسایەتی پەیوەندییان بە ڕێکخستنەکانیەوە کردووە، کاتێکیش لەساڵی ١٩٤٤ مستەفا نەریمان خانەی مامۆستایانی تەواوکردووە، لەسەر داوای ڕەفیق حیلمی و بەرژەوەندی هیوا لە گوندی کەلار دامەزرا وەك مامۆستا دەستبەکاربووە، هاوکات توانی لەئاستی بروا و متمانەی سەرۆکی باڵا خزمەتێکی بەرچاو بەرەوتی هیوا لەسنوری گەرمیاندا بگەیەنێت، لە پەیوەندی نێوان کفری و خانەقین و سلێمانی و کەرکوکدا ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاو ببینێت [٤٢].

لەساڵی ١٩٤٣ ناکۆکی کەوتووەتە نێوان ئەندامانی پارتی هیواو بۆ دوو باڵ و دوو ئاراستە دابەش بوون، بەهۆی سەرهەڵدانی بیروباوەڕی سوشیالیستیەوە بوو لەنێو هەندێ لەئەندامەکانیدا[٤٣]، هۆکاری ناکۆکیەکان دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی گەلی کورد لەخەباتی ڕزگاریدا کام ڕێبازی سیاسی بگرێتەبەر، پشت بە ڕۆژئاوا یا سۆڤیەت ببەستێت، ئەو جەمسەرانە کامیان

زیاتر پشتگیری دۆزی نەتەوەی کورد دەکەن، وێرای ئەوەش خاڵێکی تری ناکۆکیەکانی نێوان ئەندامانی پارتی هیوا ئەوە بوو کە ئاخۆ پارتەکەیان بەشداری شۆڕشی بارزان بکات و یارمەتی و جڵەوی سەرکردایەتی بگرێتە دەست یاخود بێ لایەن بێت[٤٤]، ئەندامانی لقی پارتی هیوای کفری لەماوەی ساڵانی(١٩٤٤-١٩٤٥)توانیان بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی بەناوی(شیلان)[٤٥] بەزمانی کوردی بەنهێنی لە گوندی (زەرداو)[٤٦] لەلایەن (شێخ عەتا تاڵەبانی)یەوە چاپ چاپدەکرا و بڵاودەکرایەوە[٤٧].

مستەفا نەریمان لەبیرەوەرییەکانیدا ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کەبڵاوکراوە ناوخۆییەکە ناوی (شیلان) بووە و لەگەڵ ئەوەشدا باسی لەئەوە کردووە، ووتوویەتی (ئێمەش نوسینمان دەدایە)، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە دەڵێت : (لەپشووی هاویناندا دەگەڕاینەوە کفری چالاکییەکانمان پەرەی دەسەند و دەیان خەڵکمان دەهێنایە ڕیزی هیواوە، لەچالاکی ڕۆشنبیری ڕۆڵمان دەگێڕا)[٤٨].

ناوچەی گەرمیان مەڵبەندی هیوا بووە، زۆربەی ئەندامەکانی لەم ناوچەیە بوون، مستەفا نەریمان لەساڵی ١٩٤٤لە ناوچەکەدا لەلایەن ڕەفیق حیلمییەوە کراوەتە سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی هیوا، لە ڕیکخستنی پەیوەندییەکان بووە، لەنێوان (کەرکوك،کفری،خانەقین)ڕایەڵەی پێکەوەبەستنەوەیان بووە[٤٩]، هەروەها ڕۆڵێکی بەرچاوی لە کۆبوونەوەی کەلاردا گێڕاوە، هەرچەندە سەرەتا بڕیاردرا لە کەرکوك کۆنفرانسێك ببەسترێت، بەڵام بۆ ئەوەی لەبەرچاوی حکومەتدا نەبێت و تووشی گرتن و راوەدوونان نەبن، بڕیاردرا بچنە کەلار، پێشتریش ئاماژە بەوە کرابوو کە لە کەلار ئەو کێشانە یەکلا بکەنەوە، چونکە لە کەلار بەگزادەکانی جاف زۆربەیان ئەندامی پارتی هیوا بوون و دەسەڵاتێکی زۆریان هەبووە، حکومەتی عێراقی بەئاسانی نەیدەتوانی دەست بخاتە ناو کاروباری ناوچەکەیانەوە و کێشە بۆ خۆی دروست بکات، بۆیە ئەوێ شوێنێکی ئارام بوو، بۆئەوەی ئەو جۆرە جموجۆڵەی پارتی هیوای تێدا ئەنجام بدرێت [٥٠].

لەهاوینی ١٩٤٤ بۆ ئەو مەبەستە هەردوو ئەفسەر(رائید مەحمود تەها بەرزنجی و نەقیب مەجید عەلی) لە کەرکوکەوە بە نهێنی چوونە کفری، لەوێشەوە بە یاوەری مستەفا نەریمان لە ڕێگای ناحیەی سەرقەلاوە بەناوی سەردانی (کەریم بەگی جاف) چوونە گوندی کەلار، شەو لە کەلار لە ماڵی (داود بەگ) بۆ کۆتایهێنان بە کێشەکان کۆبوونەوە[٥١]، ئامادەبووان بریتی بوون لە :(ڕەفیق حیلمی، هەردوو ئەفسەر مەحمود تەها بەرزنجی و مەجید عەلی، داود بەگ و کەریم بەگی جاف، مستەفا نەریمان ...)، کەریم بەگ و مەلا سەید حەکیم[٥٢] ڕۆڵیان هەبوو لە هێورکردنەوەی ئەو گرژی و ئاڵۆزییەی کە لەنێوان سەرۆکی باڵا و دوو ئەفسەرەکەدا هەبوو، سەرئەنجام بە کۆششی کەریم بەگ ڕێکەوتن[٥٣]، سەبارەت بەم کۆبوونەوەیە ڕەشید باجەڵان (١٩٢٠-٢٠٠١) کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی حزبی هیوا دەڵێت : " ئەوی لەیادمە نامەیەك بە ئیمزای سەرۆکی هیوا، بە شێخ موکەڕەمدا درابوو بە لێژنەی ناوەندی، گوایە پارتی هیوا لەگەڵ ڕەوتی قۆناغی ئەو سەردەمە ناگونجێت، بڕیاردرا دوو کەس لە نوێنەرانی ئەفسەران لە کەلار کۆبوونەوەیەك لەگەڵ سەرۆکی باڵا و هەندێ لە ئەندامان بکەن" ، ڕەشید باجەڵان باس لەوە دەکات کە ئەندامی لێژنەی لێکۆڵینەوە بووە لەو بابەتگەلە، دەرکەوتووە ئەو نامەیە بە ساختە لەلایەن ئەو ئەندامانەی کە لە ڕیزەکانی پارتی هیوا دوورخرابوونەوە دروست کرابوو[٥٤]، لەپاش کۆبوونەوەکە هەردوو ئەفسەرەکە لە ڕێگای خانەقینەوە بۆ کەرکوك گەڕانەوە، بەڵام سەرۆکی باڵا بەیاوەری مستەفا نەریمان و حەمەساڵح دەلۆ لە ڕێگای سەرقەڵاوە لە کاتژمێر دووی شەو دەگەڕێنەوە و دەچنە گوندی برایم خان و لای عەزیز خانی دەلۆ (١٩١٠-١٩٦٨) پشوویەك دەدەن و پاشتر سەرۆکی باڵا دەگەیەننە وێستگەی شەمەندەفەری(کنگربان) لەنزیک شاری کفری، کاتێك مستەفا نەریمان دەگەڕێتەوە ماڵەوە لەو کاتەدا باوکی بەئاگابووە و پێی دەڵێت :(مستەفا کوڕم شەوکەت عەزمی بەگی بابان بەڕێوەبەری ناحیەی سەرقەڵا لە دوی ناردووی)، هەر ئەو ڕۆژە مستەفا نەریمان سەردانی بەڕێوەبەری ناحیە دەکات و تاوانبار دەکرێت بەوەی دوو ئەفسەری ڕووسی بردووەتە گوندی کەلار، لەپاش ئەشکەنجەدان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەند کراوە، پاشتر بە بارمتە(کەفالەت)ی باوکی ئازادکراوە[٥٥]، دوای ئەم کۆنگرەیە ڕەفیق حیلمی بە تەلەگرافێکی بە پەلە بۆ شاری بەسرا دوورخراوەتەوە، ناوبراو خۆشی لەپارتی هیوا کشایەوە و وازی لەسیاسەت هێنا، پێدەچێت لەبەر ناپاکی هەندێ لە ئەندامانی پارتی هیوا بووبێت کە پەیوەندیان لەگەڵ حکومەتدا هەبووبێت[٥٦].

لە کۆتاییەکانی ئەیلول و سەرەتای تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٤ لە شاری سلێمانی لەماڵی (حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا)، مستەفا نەریمان بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حیلمی بەشداری کۆبوونەوەیەکی نهێنی پارتی هیوای کردووە، نزیکەی (٤٠-٥٠) کەسێك لە سەرۆك هۆزەکانی لیواکانی سلێمانی و دیالە و کەرکوك تێیدا ئامادەبوون، لەوانەش: (عەزیز پشتیوان و مەلا سەید حەکیم خانەقینی) بوون، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا ئەگەر بارزانیەکان ڕاپەڕینیان سازدا، هەموو سەرۆك هۆز و کەسایەتیەکانی ناوچەکانی دیکەی دژ بە حکومەتی عێراق کوردستان دەست بدەنە چەك و بجەنگن، بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە ئاماژە بۆ ئەوەکرا کۆبوونەوەیەك لە گوندی (گێژەکان)ی نزیك بەکەلار بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ ئەندام و لایەنگران و سەرۆکخێڵەکانی دەڤەری گەرمیانی پارتی هیوا ببەسترێت[٥٧]، زۆربەیان ڕازی بوون هەڵوێستیان هەبێت و یارمەتی پێشکەش بکەن، دەرئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیە بۆ مەلا مستەفای بارزانی (١٩٠٣- ١٩٧٩) نێردراوە، بەڵام ناوبراو ئاماژەی بەوە داوە کەوا متمانەی بەو سەرۆکهۆزانە نیە، بۆیە ڕەفیق حیلمی داوای لە مستەفا نەریمان کردووە کەوا هەموو ئەوانەی بەشداربوون سوێند بخۆن کەوا بەدڵسۆزی یارمەتی شۆڕش بدەن، بۆیە مستەفا نەریمانیش چووەتە کەلار هەمووی ئەوانەی بەشداربوون لە کۆبونەوەکەی سلێمانی سوێندیان خوارد کەوا بە گیان و ماڵ یارمەتی شۆڕش دەدەن، نەریمان سوێندنامەکەیانی بە دوو نوسخە گەیاندۆتە ڕەفیق حیلمی [٥٨].

دوا دانیشتن و دواچالاکی سیاسی حیزبی هیوا ئەوە بوو لەگوندی کەلار کراوە، لێرە بە دواوە بە تەواوی پارتی هیوا هەڵوەشاوەتەوە، هەرچەندە کۆمیتەی سەرۆکایەتی بۆ دامەزراوە چەند وردە چالاکییەکیان نواندوە،لەوانەش کۆبوونەوەی (قنیلە)ی ئاوایی گێژەکان لە مانگی(تشرینی یەکەمی ١٩٤٤) بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی جەنگی دژ بە حکومەتی عێراق و بۆ کەمکردنەوەی ئەو هێرش و فشارەی کە بە بەردەوامی دەکرایە سەر شۆڕشی کورد (شۆڕشی بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥)،بۆ ئەو مەبەستەش کۆبوونەوەیەك لە گوندی گێژەکانی نزیك کەلار ئەنجامدرا کە بە کۆبوونەوەی (قەنیلە) ناسراوە[٥٩].

ئەم کۆبوونەوەیە لەسەر پێشنیاری پارتی هیوا و بە سەرکردایەتی مەلا سەید حەکیم خانەقینی بەستراوە، ئەو کەسایەتیانەی تێدابەشداریان کردووە لەمانەی خوارەوە پێکهاتبوون: (ساڵح ئاغای باجەڵان، ساڵح ئاغای جمور، شێخ تالیبی تاڵەبانی، محەمەد ساڵح دەلۆ، شێخ ئەحمەدی شاکەل، مەلافەتاحی وەلدبەگی، نامیق کوێخا سالم، شێخ غالیب و شێخ عەتای تاڵەبانی، شێخ محەمەد نەجیبی تاڵەبانی، حەمید ئاغای زەنگەنە، مەلا عەزیزی زەنگەنە، عەلی سەلیم بەگی جاف، مستەفا بەگی کەریم بەگی جاف، شەوکەت ئەحمەد بەگی جاف، مەحمود ڕەزا بەگی جاف، حەمەسەعید بەگی جاف، شێخ عەبدولقادری قەڵاگەیی[٦٠]، لەم کۆبوونەوەیەدا سەرەتا مەلاسەید حەکیم خانەقینی وەك سەرۆك و سەرپەرشتیاری کۆبوونەوە قسەی بۆ ئامادەبووان کردووە و ئەوەی پێ ڕاگەیاندوون کە ڕەوشی شۆڕشی کورد لەبارودۆخێکی ترسناك دایە، پێویستە لەسەر هەمووان پشتگیری خۆمانیان بۆ دووپات بکەینەوە و بەڵێنی ئەوەش بدەین کە لە دەڤەری گەرمیانی خۆمانەوە بەرەیەکی جەنگ دژ بە سوپای عێراق و بەریتانیا و بنکە سەربازییەکانیان پێکبهێنن بۆ ئەوەی گوشاریان لەسەر کەم بێ، ئەوە لەسەر پێشنیاری پارتی هیوایە و پێویستە عەشایەری قەزای خانەقین و کفری بەرەی شەڕ لەدژی حکومەتی عێراق لەچیای بەمۆ و هەردەی جاف بکەنەوە[٦١].

هەموو ئەوانەشی لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداریان کرد بەڵێنی ئەوەیاندا بەماڵ و بەگیان پشتگیری لەو شۆڕشە بکەن و ئەو بەرەیە پێکبهێنن کە ڕەفیق حیلمی پێشنیاری بۆ کردبوون[٦٢]، پاشان عەشیرەتەکانی ناوچەکە بۆ پاساودانی سوێندەکانیان و گەڕانەوەی ئیعتباریان بە هەماهەنگی لەیەك کاتدا لەچەند شوێنێکەوە هێرشیان کردووەتە سەر بنکەکانی حکومەت، لەناوچەی کفری هێرش بۆ سەر مەخفەری پۆلیسی سەرقەڵا کراوە، لە خانەقینیش هێرش بۆ سەر مەخفەری پۆلیسی (گورەشەلە) و پۆلیسی (سەرسنوور) و (کۆمپانیای نەوتی چیاسورخ) کراون [٦٣].

باسی دووەم : ڕۆڵی لەپارتی دیموکراتی کوردستاندا

لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی(١٩٣٩-١٩٤٥) زۆربەی وڵاتان ڕووبەڕووی چەندین گۆڕانکاری و پێشهاتی سیاسی گەورە بوونەوە، عێراقیش بەدوور نەبوو لەو گۆڕانکاریانە، وەکو بزوتنەوەی (مایسی ١٩٤١)بە سەرکردایەتی ڕەشید عالی گەیلانی، هەروەها شۆڕشی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥)، جگە لەوانە لەرۆژهەڵاتی کوردستانیش گۆڕانکاری گرنگ هاتبووە ئاراوە، لەشاری مەهاباد لەلایەن چەند کەسێکەوە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژ.ك) لە(١٦ی گەلاوێژی ١٩٤٢)دامەزرا، بوونە حزبێکی خاوەن جەماوەری گەورە، لە باشووری کوردستانیش لەڕێگەی (برایم ئەحمەد)[٦٤] هوە لقی ئەو ڕێکخراوە کرایەوە، ئەم کۆمەڵەیە لە(١٦ی گەلاوێژی ١٩٤٥) لەمەهاباد کۆنگرەی یەکەمی خۆی بەست و بڕیاردرا ناوەکەی بۆ(پارتی دیموکراتی کورد/کوردستان)بگۆڕن، بووە پارتێکی سیاسی خاوەن بەرنامە[٦٥]، ئەو گۆڕانکارییانە لە باشووری کوردستانیش بوونە هەوێنی دامەزراندنی حیزبێکی شۆڕشگێر، بۆ ئەو مەبەستە لەحوزەیرانی ١٩٤٦ نامەیەك لەلایەن مەلا مستەفا بارزانیەوە بە هەمزە عەبدوڵلادا (١٩١٤-١٩٩٨) گەیشتە برایم ئەحمەد، ناوەڕۆکی نامەکە بەمەبەستی دامەزراندنی پارتێکی سیاسی بوو لە باشوور هاوشێوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد، بۆ ئەو مەبەستەش هەر یەك لە (مستەفا نەریمان و شێخ عەتا تاڵەبانی و مەلا عەزیزی دوازدەئیمام[٦٦]) لەشاری کفری ئاگادار کرانەوە و چوونە سلێمانی لە ماڵی برایم ئەحمەد بۆ تاوتوێکردنی ئەو نامەیە کۆبوونەوە[٦٧].

دواتریش یەکەم کۆنگرەی پارتی لەشاری بەغدا لەماڵی(سەعید فەهیم)[٦٨] بەسترا، (مستەفا بارزانی) بە سەرۆك و(١٥)کەس بۆ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردران، یەکێك لەوانە مەلا سەید حەکیم خانەقینی بوو، سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی خانەقین و کفری و ناوچەکەی لە ئەستۆ گرتبوو[٦٩]، بۆیە لەپاش کۆنگرە مەلا سەید حەکیم لەخانەقین بانگهێشتی مستەفا نەریمان و سابیر سەڵتە زەردی لە کفرییەوە بۆ خانەقین کردووە، باسی دامەزراندنی پارتی و کۆنگرەکەی بۆ کردوون، پێیانی ڕاگەیاندووە ئەم پارتە هاوشێوەی حیزبی هیوا نییە، پێویستە نهێنی نەدرکێنن، شانەی ڕێکخستنەکانیان لەنێوان(٣-٤) کەس زیاتر نەبێت،لەماوەی دوو ساڵدا ڕێکخستنەکانی پارتی لەنێوان چەند کەسێکدا بوون[٧٠].

لەو ماوەیەی ڕێکخستنەکانی کفری و خانەقین لەلایەن مەلا سەید حەکیم سەرپەرشتی کراوە، مانگی جارێك مستەفا نەریمان یاخود مەلا عەزیز دوازدە ئیمام سەردانی خانەقینیان کردووە، ڕێنمایی و ئامۆژگارییان وەرگرتووە، باسی چالاکی و هەواڵی ناوچەکەیانی پێ گەیاندووە، بەڵام کاتێك لەساڵی ١٩٥٦ عەلی حەمدی (١٩١٨-١٩٦٤) وەکو فەرمانبەری تاپۆ گوێزرایەوە بۆ کفری پاشتر بووە بە بەڕێوەبەری هەمان فەرمانگە (لەکفری بە عەلی تاپۆ ناسرابوو) ئیتر ئەو سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی قەزای کفری کردووە [٧١].

مستەفا نەریمان لەناو پارتیدا زیاتر بەلایەنی ڕۆشنبیرییەوە خەریك بوو، لەساڵی ١٩٥٣ لە کەرکوك کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسترا، بڕیاردا بە گۆڕینی ناوی (پارتی دیموکراتی کورد) بۆ (پارتی دیموکراتی کوردستان) بۆ ئەوەی هەموو خەڵك بتوانن ببنە ئەندام، جگە لەوەش ڕۆژنامەی (ڕزگاری) کە زمانحاڵی پارتی بوو ناوی بۆ (خەبات) گۆڕا، چەند بڕیارێکی تایبەت بە پارتەکە درا[٧٢]، لە(١٤ی تەمموزی ١٩٥٨) بەسەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم (١٩٥٨-١٩٦٣) شۆڕش ئەنجامدرا و کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی هێنرا، ڕژێمی کۆماری بەسیستەمی سیاسی لە عێراق جێگیرکرا، شاندی پارتی بە سەرکردایەتی برایم ئەحمەد چوونە بەغدا بۆ پیرۆزباییکردنی شۆڕش و پێشکەشکردنی داواکارییەکانی گەلی کورد، مستەفا نەریمان لەگەڵ حەوت مامۆستادا یاداشتێکیاندا بۆ مافی خوێندنی کوردی لە کوردستان پێشکەش بە سەرکردایەتی شۆڕش کرد[٧٣].

برایم ئەحمەد داوا لە مستەفا نەریمان دەکات بچێتە ناوچەی کفری وەکو نوێنەری پارتی لە ناوچەکەدا خەبات بکات بۆ ئەوەی خەڵکی بهێنێتە ڕیزی ڕێکخستنەکانی پارتییەوە، ناوبراو ئامادەی خۆی نیشانداوە و توانی بیروباوەڕی پارتی بگەیەنێتە ناوچەکە و خەڵکیش پێشوازیان لێکردووە[٧٤].

مستەفا نەریمان بە تەنیا لەسنوری کفری چالاکی ئەنجامنەداوە، بەڵکو مستەفا نەریمان و محەمەد ئەحمەد قەرەداغی کاتێک وەکو مامۆستا لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا بۆ کەرکوك گوێزرایەوە، بەو پێودانگەی نزیکبوون لە (برایم ئەحمەد و عومەر مستەفا و عەلی عەسکەری) کاریگەریان لەسەر گەشەکردنی ڕێکخستنەکانی پارتی لە کفری هەر هەبووە[٧٥]، هەروەها بە گوێرەی بیرەوەرییەکانی (عمر حاجی عەلی زەنگەنە) باس لەوە دەکات یەکەم پەیوەندی بە ڕێکخستنەوەی لە کەرکوك لەلایەن مستەفا نەریمان بووە و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە[٧٦].

لەساڵی ١٩٥٩لە کەرکوك شەڕ لەنێوان کورد و تورکمان ڕوویدا، لەهەردوولا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لەئەنجامی ئەو شەڕەدا کوژراوە، مستەفا نەریمانیش لە کەرکوك بوو، دەستیان کرد بەپێکهێنانی بەرەی نیشتیمانی لەحزبەکانی (پارتی، شیوعی، وطنی دیموکراتی) لەگەڵ وەفدەکە دەچێتە لای مەلا مستەفا بارزانی لە بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دواتر چووەتە لای بریکاری سەرۆککۆمار لە بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە ڕێگەیان لەپەرەسەندنی شەڕەکە گرتووە[٧٧].

عەبدولکەریم قاسم لەسەر سیاسەتی خۆی نەمایەوە، لەساڵی ١٩٦١ کەوتە بیانووگرتن لە پارتی و چەند کادرێکی پارتی لە بەغدا دەستگیرکرا، مەلا مستەفاش بەغدای بەجێهێشت و گەڕایەوە ناوچەی بارزان[٧٨]، هەڵمەتی گرتنی کادیرانی پارتی بەردەوام بوو، لە ئاداری ١٩٦١ هێزەکانی میری دەچنە سەر بارەگای ناوچەی پارتی لە کەرکوك چەند کەسێك دەستگیر دەکەن و مستەفا نەریمانیش دەستگیر دەکرێت و ڕەوانەی بەغدا دەکرێت و بەبێ دادگاییکردن ڕەوانەی بەندیخانەی جەلەولا کراوە، کە نزیکەی (١٠٠٠) زیندانی تێدابووە[٧٩]، کوردیش وەک پەرچەکردار دەستی کرد بەدژایەتی کردنی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم و شۆڕشی کورد لە (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١) دژی حکومەتی عێراق بەرپابوو[٨٠]، مستەفا نەریمان بۆ ماوەی سێ مانگ سەردانی کردنی قەدەغە بووە، (٦٠) زیندانیکراوی کوردی لەگەڵ بوو و توانی لەگەڵ (٢٠) کەسیان ڕێکخراوێکی نهێنی پارتی پێکهێنن لەڕێگەی ئەفسەرێکەوە پەیوەندیان لەگەڵ دەرەوە هەبێت، پاش چەند مانگێك باوکی (سەید ئەحمەد)پارێزەری بۆ گرتبوو، بەڵام هەوڵەکانی پارێزەرەکەی بێ ئەنجام بوون، چونکە بەپێی هیچ مادەیەکی یاسایی نەگیرابوو، تەنها لەسەر کوردایەتی بوو، پاش شەش مانگ لەزیندانیکردنی ئازادکراوە، ئەوەش دوای ئەو لێبووردنە گشتییە بوو کە عەبدولکەریم قاسم لەساڵی ١٩٦١ دەریکرد بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورددا و بەمەبەستی گفتوگۆ داوا لەبارزانی دەکات سەردانی بەغدا بکات[٨١]، مستەفانەریمان لەپاش ئازادبوونی گەڕایەوە بۆ شاری کەرکوك بەفەرمانێکی سەربازی بۆ شاری(کوت) دوورخرایەوە، لەهەمان ساڵدا کوردێکی زۆر بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراق دوورخراونەوە، لقی(٥)ی بەغدای پارتی داوای لەکادیرانی کرد بەردەوام بن لەسەر هەڵوێستی خۆیان و چالاکی سیاسی ئەنجام بدەن، مستەفا نەریمان چالاکی باشی ئەنجامدا و پلەکەی بۆ لێپرسراوی ناوچەی کوت بەرزکرایەوە[٨٢].

لەڕۆژی (٨ی شوباتی ١٩٦٣) بەعسیەکان بەسەرکردایەتی عەبدولسەلام عارف (١٩٦٣-١٩٦٦) توانیان عەبدولکەریم قاسم بکوژن و خۆیان جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست و لەگەڵ کورد ڕێکەوتن، زۆربەی زیندانە سیاسییەکان ئازادکران و ئاهەنگی نەورۆز لەشاری بەغدا کرایەوە، شاندی کوردی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولسەلام عارف چوونە بەغدا، مستەفا نەریمانیش وەکو ئەندامی ئەو شاندە چووەتە بەغدا، بەڵام بەهۆی تێکچوونی پەیوەندی کورد و حکومەت شاندەکە گەڕانەوە و مستەفا نەریمانیش بە نهێنی بۆ شاری کوت گەڕایەوە، بۆیە لەکاتی دەوامی فەرمی لەقوتابخانە دەستگیرکراوە و ئەشکەنجەدراوە و ڕەوانەی بەندیخانە کراوە و داوای لێکراوە ناوی ئەو کەسانە ئاشکرابکات کە سەر بە ڕێکخستنی ناوچەی کوتی پارتی بوون، وێڕای ئەشکەنجەدانێکی زۆر بەڵام ئامادەنەبووە هیچ نهێنیەك ئاشکرا بکات، هەربۆیە فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت و دەبرێتە ژووری تاکەکەسی، بەڵام فەرمانەکەی جێبەجێنەکرا، مستەفا نەریمان لە بیرەوەرییەکانیدا باس لەئەوە دەکات کە لەئابی ١٩٦٣ بەڕێوەبەری زیندانیەکەیان گۆڕاوە بەڕێوەبەرێکی نوێ جێگای گرتووەتەوە، کە هاوڕێی خۆی بووە و دەڵێت: " بەچی هۆیەك فەرمانی لە سێدارەدانت بۆ دەرچوو"[٨٣]، دوای چوارمانگ مانەوەی لەزیندان دەڵێت : " کەسێك بەناوی(ح) هات و لەزیندان ڕزگاری کردم "[٨٤].

پاش ئازادکردنی بۆ پیشەی مامۆستایەتیەکەی گەڕاوەتەوە، لەساڵی ١٩٦٥(ئەنوەر سامر) دەبێتە پارێزگاری ڕومادی کە زاوای عەبدولسەلام عارف بوو، لەساڵی(١٩٦٣-١٩٦٤) بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی (مدیریة الأمن العامة)بووە، کۆمەڵێك خەڵکی دەستگیرکردووە، بۆیە لە نیسانی ١٩٦٦ مستەفا نەریمان بۆ جارێکی دیکە دەستگیرکراوە و ڕەوانەی بەندیخانەی (ڕومادی)کراوە، دوای دوو مانگ لە حوزەیرانی ١٩٦٦ بەهۆی لێبوردنی گشتییەوە ئازادکراوە[٨٥].

لەساڵی ١٩٦٦ لەپاش (٢٢)ساڵ خەباتی سیاسی دەستبەرداری کاری سیاسی دەبێت وەك خۆی دەڵێت : " کاتێك وازم لەسیاسەت هێنا یەك فلوسم لە گیرفان نەبوو لە هەمان کاتدا لە وەزیفەش دەرکرابووم " لەو ماوەی تەمەنی سیاسییدا پێنج جار لە ساڵەکانی(١٩٤٤، ١٩٥٧، ١٩٦١، ١٩٦٣، ١٩٦٦) لەلایەن میرییەوە گیراوە و خراوەتە بەندیخانە و ئەشکەنجەدراوە[٨٦].

لەساڵی١٩٦٧دەچێتەشاری بەغدا بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك لە کارەکەی دوورخراوەتەوە (فەسڵکرابوو)، دواتر لەپاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر بۆ مامۆستایەتی گەڕاوەتەوە، لەسەر هەڵویستی کوردایەتی دەستگیرکراوە، بەڵام ئامادە نەبوو ناوی کەس بدرکێنێت دڵسۆزی ڕێبازی پارتی و کوردایەتی بووە، لەساڵی ١٩٦٦ مستەفا نەریمان بڕیاریدا بە یەکجاری واز لە کاری سیاسی و حزبایەتی بهێنێت، ئەمەش بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوون لە ناو پارتەکەدا، وەکو کوردێك چووەتە بەغدا لەبواری ئەدەبی ڕۆشنبیرییەوە خزمەتی کردووە[٨٧].

بەشی سێیەم / ڕۆڵی مستەفا نەریمان لەبواری نوسین و ڕۆشنبیریدا

لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا بۆ یەکەمجار ڕۆژنامەیەکی کوردی لەساڵی (١٨٩٨) بە ناوی (ڕۆژنامەی کوردستان)لە قاهیرە دەرچوو، هەروەها لەسەرەتای سەدەی بیست کۆمەڵێك گۆڤارو ڕۆژنامە لە ئیستەنبوڵ دەرچوون، لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی لە باشووری کوردستانیش ژمارەیەك گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچوون، هێنانی دەزگای چاپ و کردنەوەی قوتابخانە و دامەزراندنی ڕادیۆ لەبەغدا بواری ڕۆشنبیری فراوانتر کرد، لە سەرەتای چلەکاندا کۆمەڵێك شاعیر و نوسەری بەتوانا دەرکەوتن، کە توانیان خەڵکی بەرەو کایەکانی ڕۆشنبیری و نوسین و خوێندن هان بدەن، مستەفانەریمان کاتێك لەبەغدا قوتابی بوو دەستی کردووە بە خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە عەرەبی و کوردییەکان بە تایبەتی گۆڤاری گەلاوێژ، ناوبراو جگە لە زمانی دایك(کوردی) زمانی عەرەبی و تورکی بە باشی و هەندێك ئینگلیزیشی زانیوە، بە هەردوو زمان نوسینی بڵاوکردووەتەوە، چونکە زۆربەی بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمە بەزمانی عەرەبی و کوردی بووە، توانیوویەتی لەبواری نوسینی پەرتووکدا (٢٣) کتێب بە زمانەکانی (کوردی و عەرەبی) بەچاپ بگەیەنێت، وێڕای ئەوەش سەدان بابەتی مێژووی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکردووەتەوە.

باسی یەکەم: چالاکییەکانی لەچوارچێوەی یانەی سەرکەوتنی کوردان و ساڵنامەی کوردی و سانسۆری کتێبدا.

أ- یانەی سەرکەوتنی کوردان

لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا هەندێ لە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد دەستیان بە خەباتی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و زانستی و پەروەردە و فێرکردن کردووە[٨٨]، لەسەر داوای مەعرووف جیاووك (١٨٨٥-١٩٥٨)، وەزارەتی ناوخۆ بەنووسراوی ژمارە(٦٨٩٥) لە بەرواری (٢٠ی ئاداری ١٩٣٠) ڕەزامەندی بەکردنەوەی یانەی سەرکەوتن دەربڕی، لە ڕۆژی ٣٠ی ئاداردا لە بەغدای پایتەخت یانەکە بەفەرمی کرایەوە، ئیبراهیم حەیدەری (١٨٦٤-١٩٣١)بە سەرۆك و مەعرووف جیاووك بە باوەڕپێکراوی گشتی یانەکە دەستنیشانکران[٨٩]، ئامانجی یانەکە بۆ خزمەتی توێژی ڕۆشنبیران و قوتابیان و ئەنجامدانی کۆڕ و سمینار و چالاکی ئەدەبی و فەرهەنگی و لە چاپدان و وەرگێڕانی کتێب بوو، هەروەها پێشوازیکردن لە قوتابیە کوردەکان کاتێك لە شاری بەغدا لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەردەگیران، دابینکردنی جێگا و شوێن بۆیان، یانەکە کتێبخانەیەکی باشی هەبووە، مانگی جارێك ئاهەنگی دیدار و یەکترناسینی سازکردووە[٩٠]، لەساڵی (١٩٥٧) ژمارە (١) گۆڤاری (هیوا)یان دەرکردووە کە گۆڤارێکی زانستی و ئەدەبی بووە، (٣٦)ژمارەی لێدەرچووە[٩١].

مستەفا نەریمان لەساڵی ١٩٤٢ لە بەغدا قوتابی بوو، هاوکات ئەندامی پارتی هیوا بوو، پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ یانەی سەرکەوتنی کوردان هەبووە، هاتووچۆی یانەکەی کردووە، پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ مەعرووف جیاووك هەبوو، لە ساڵی ١٩٤٤لە هەڵبژاردنی یانەکە ئامادەبووە، هەموو ڕووداوەکانی تۆمارکردووە، کاتێك مەعرووف جیاووك بۆ بارنۆکردن بە کوردستاندا گەڕاوە لە (٢٢ی تەمموزی ١٩٤٣) گەیشتووەتە شاری کفری، مستەفا نەریمان لەهەموو ناوچەی کفری بۆ وەرگرتنی بارنۆ یاوەری کردووە، خەڵکیشی هانداوە بۆ ئەوەی کۆمەك و یارمەتی پێشکەشی یانەکە بکەن[٩٢]، لە شاری کفری کۆبونەوەیەک ئەنجامدراوە، لەو کۆبوونەوەیەدا داود بەگی فەتاح بەگ وتارێکی گەرم و پڕ لەحەماسی خوێندوەتەوە، پاش ئەو مستەفا بەگی کەریم بەگیش وتارێکی نایانی پێشکەشکردووە، کەنیشانەی بەرزی و نیشتمانپەروەری بووە،هەورەها مستەفا نەریمان پارچە هەڵبەستێکی نەتەوەیی خوێندۆتەوە[٩٣].

یەکێك لە گرنگترین کاری مستەفا نەریمان نوسینی کتێبێك بوو بەناوی(یانەی سەرکەوتنی کوردان)، کە بە ڕەسەنترین و گرنگترین سەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوە لە یانەکە دادەنرێت لە مێژووی کورددا.

ب- کاروچالاکی لە بواری ساڵنامەی کوردیدا

سەبارەت بە دانانی ڕۆژمێری کوردی (بەشیرموشیر) بە یەکەم کەس دادەنرێت کە لەکۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕۆژمێری دانابێت، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش عەبدولڕەحمان زەبیحی لەساڵی ١٩٤٤ ڕۆژمێرێکی کوردی داناوە، پاش ئەوە چەند هەوڵێك دراوە لەو بوارەدا[٩٤]، مستەفا نەریمانیش دوای ئەوەی بینی هەموو میللەتان ڕۆژمێر و ساڵنامەی تایبەت بەخۆیان هەیە، نەتەوەی کورد کەمترین گرنگی بەو بوارە داوە، بۆیە لەساڵی ١٩٥٧ یەکەم ڕۆژمێری دیواری کوردی ئامادەکرد، کەهەموو ڕووداوە گرنگەکانی کوردستانی تۆمارکردبوو، وێنەی دوو سواری کوردی لەسەر چاپ کرابو و[٩٥] ، لە چاپخانەی شیمال(٣٠٠٠)دانەی لێ چاپکرا، نرخی هەر دانەیەکی (٦٠) فلس بوو، لەو ڕۆژمێرە(١٠٠)دانەی ڕەوانەی کتێبخانەی سلێمانی و(٥٠)دانەی ڕەوانەی کتێب فرۆشەکانی کەرکوك کرابوو [٩٦]، حکومەتی عێراق کەوتووەتە قەدەغەکردن و دەسبەسەرداگرتنی ئەو ڕۆژمێرە بە بیانووی ئەوەی وێنەی مەلا مستەفا بارزانی لەسەرە و هەروەها بە بیانووی ئەوەی نەتەوەی کورد ساڵنامەی نیە، لەلایەن پارێزگاری کەرکوکەوە خاوەن کتێبخانەکان و مستەفانەریمان دەستگیرکران و بڕیاری پشکنینی ماڵەکەیی و تاڵانکردنی کتێبخانەکەی مستەفا نەریمان دەرچوو، دوای چەند ڕۆژێك بە کەفالەت ئازادکرا [٩٧] ، لەو سۆنگەیەوە لە مامۆستایەتی دەرکرا(فەسڵکرا)، مستەفانەریمانیش بە مەبەستی هەڵوەشانەوەی بڕیاری دوورخستنەوەی لە کاری فەرمانبەری دەوڵەت سەردانی سەعید قەزار(١٩٠٤-١٩٥٩) لە شاری بەغدا کرد، ناوبراو کورد بوو لە سەردەمی پاشایەتی وەزیری ناوخۆ بوو، سەعید قەزار دەیگەڕێنێتەوە بۆ مامۆستایەتی و پێی دەڵێت : هاوشێوەی کتێب بۆ ڕۆژمێریش دەبێت مۆڵەتی چاپکردن وەربگریت، دواتر مۆڵەتی لەچاپدانی ڕۆژمێری لە حکومەت وەرگرتووە، چەندین ڕۆژمێری دیوار و گیرفانی دەرکردووە[٩٨]، لە ساڵی ١٩٥٩ دەبێتە ئەندامی یەکێتی نوسەرانی عێراق ،بەشداری لە زۆربەی چالاکیەکانی ئەو سەردەمەدا کردووە[٩٩] .

مستەفا نەریمان لەپاش شۆڕشی (١٤ی تەمموزی ١٩٥٨)، بەردەوام بوو لە دەرکردنی ڕۆژمێر، لەوانەش(ڕۆژمێری کوردستان) بوو[١٠٠]، پاشتریش بەناوی (پیرەمێرد)هوە درێژەی بە دەرچوواندنی ڕۆژمێرەکەدا [١٠١].

ج- لەبواری سانسۆری کتێب

لەساڵی ١٩٧٥ حکومەتی عێراق ڕێگای نەدا چەندین کتێبی مێژوویی چاپ بکرێن، بۆیە بە گوێرەی فەرمانی وەزاری ژمارە(٥٧)لە بەرواری(٥ی کانوونی دووەمی ١٩٧٧) لێژنەیەك پێکهێنرا بە سەرۆکایەتی گشتی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی و ڕەقابەی چاپەمەنی و ئەندامێتی مستەفا نەریمان، ناوبراو لەناو لێژنەکەدا کاری لەسەر(٥٩) کتێبی قەدەغەکراوی کوردی کردووە، کە زۆربەی ئەرکەکە لەسەر شانی ناوبراو بووە، توانیویەتی (٢٧)کتێب لەو کتێبانەی کە پێشتر ڕێگای چاپ کردنیان نەدرابوو، بەهەوڵی مستەفا نەریمان چاپ و بڵاوبکرێنەوە [١٠٢].

باسی دووەم / پەرتووك و نوسراوەکانی

١- بواری بیبلیۆگرافی bibliographer

بیبلیۆگرافیا وشەیەکی لێکدراوی کۆنی یۆنانییە لە دووبەش پێکهاتووە،(بیبلیۆف) واتە کتێب (گراف) واتە نوسین بەمانای : زانیاری نوسین لەسەر کتێب دێت [١٠٣]، سەبارەت بەو کەسەش کە ئەو کارە دەکات، بە کوردی وشەی (بیبلیۆگرافەر) یان(بیبلیۆگراف) پێ وتراوە.

وشەی ئینگلیزی (bibliographer) بەمانای وردی وشەکە واتە هەر شتێك، کە لەسەر کتێب بنووسرێت. بەڵام لەسەدەی هەژدەهەمەوە (بیبلیۆگرافەر) بەواتەی ئەو کەسە دێت، کە پوختە یان کورتەی کتێبان یان لیستی کتێبان

ئامادە دەکات و کاری کەتەلۆگکردنی کتێبان دەکات. وشەکە لە لاتینییەوە لە (bibliographer)ەوە هاتووە و لەناو هەموو زمانە ئەوروپاییەکان و بە تایبەتی لەئینگلیزیدا هەر بە(bibliographer) بیبلیۆگرافەر- ماوەتەوە[١٠٤]، پێڕستکاری و بیبلیۆگرافیا لەناو کوردا کارێکی تازەیە، ئەو کارە خزمەتێکی زۆر بەتوێژەران و لێکۆڵەران و نوسەران و ڕۆشنبیران دەکات، لە گەڕان و پشکنین و دۆزینەوەی سەرچاوەکاندا کارئاسانی زۆر باشیان بۆ دەکات، هەروەها زانیاری پوختیش لەسەر کتێبەکان دەخاتە ڕوو.

یەکەم کۆنگرەی جیهانی لەم بوارەدا لەپاریس لەساڵی ١٩٥٠ بەستراوە بەئامانجی ئەوەی هەر وڵاتێك بیبلیۆگرافیایەك بۆ کتێبەکانی دابنێت، لە عێراقیش لە (کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧) لە بەغدا دووەمین کۆنگرەی عەرەبی لە بواری بیبلیۆگرافیای کتێبی عەرەبی بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ بەسترا، مستەفا نەریمانیش ئەندامی ئەو کۆنگرەیە بوو، ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە کۆنگرەدا، مستەفا نەریمان لەبواری بیبلیۆگرافیادا پێشەنگی ئەو کەسانەیە کە لە باشووری کوردستان گرنگیان بەم بوارە دابێت و کتێبی تایبەتیان نوسیبێت، ناوبراو وێرای ئەوەی هەرچی کتێبێك لەسەر کورد بوایە لە کتێبخانەکانی ناوەوەی عێراق تۆماری دەکرد، تەنانەت هەوڵیداوە زانیاری سەبارەت بەو کتێبانەش کۆبکاتەوە و تۆماری بکات کە لەدەرەوە دەربارەی کورد دەنوسران، بۆ ئەو مەبەستە نامەیەکی بۆ (نەریمان کوڕی عەزیز پشتیوان) لە بەرواری(١٩ی تەممووزی ١٩٧٨) ناردوە کاتێك ناوبراو لە وڵاتی سۆڤیەت خەریکی خوێندنی باڵا بووە، داوای لە ناوبراو کردووە زانیاری لەسەر کتێبەکانی ئەو وڵاتە کەلە نێوان ساڵانی(١٩٥٠- ١٩٧٨) کەلەسەر کورد نوسراون بۆ تۆماربکات[١٠٥].

مستەفا نەریمان (٨) بیبلیۆگرافیای بۆ کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان نوسیووە، (٥)دانەیان تایبەتن بە کتێبە کوردییەکانی نێوان ساڵی(١٧٨٧- ١٩٨٧) دەربارەی کورد نووسراون، (١)دانەیان بەزمانی عەرەبیە بۆ هەمان مەبەست، (٣) بیبلیۆگرافیاش بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکانە، بیبلیۆگرافیاکانی بە چەند جۆرێك پۆلێنکردووە، کە ناوی (کتێب)، ناوی (نوسەر)، ناوی (چاپخانە)، (ساڵی چاپ)، ژمارەی لاپەڕەکان، زانیارییەکی تەواوی خستۆتە ڕوو دەربارەی ئەو کتێبانەی کە ئێستا بەشێکیان لەناوچوون، زۆربەی ڕۆشنبیران و نوسەرانی ئەو سەردەمە دەستخۆشی ئەو ماندووبوون و کارەیان لێکردووە، لەوانە (شێخ محەمەدی خاڵ، مارف خەزنەدار، شاگر فەتاح، سەجادی ....).

سەرجەم کارەکانی لەبواری بیبلیۆگرافیا بریتین لە :- (١/ کتێبخانەی کوردی، ٢/ ببیلۆگرافیای کتێبی کوردی ، ٣/ مااسدە الاکراد الى المكتبة العربية، ٣/ ببیلۆگرافیای دووسەد ساڵی کتێبی کوردی، ٤/ فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد ،٥/ ببیلۆگرافیای ڕۆژنامەی هاوکاری ،٥/ ببیلۆگرافیای گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ٣/ ببیلۆگرافیای گۆڤاری بەیان).

٢/ بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیری گشتی

مستەفا نەریمان وەکو بەشێك لە ڕۆشنبیرانی کورد، سەرەتا بە پەخشان دەستی بە نوسین کردووە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٤٣) لە ژمارە(١٠)ی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا پەخشانێکی بەناونیشانی (ئاوازێك لەنەوجوانێکەوە) بڵاوکردووەتەوە، کە کۆی ئەو بابەتانەی لەو گۆڤارە لە ژمارەکانی پاشتری بڵاوبووەتەوە (٤)بابەت بووە، دووەم بابەتیشی لەژێر ناونیشانی (حەمە ئاغای دەربەندفەقەرە) لەژمارە (٦)ساڵی (١٩٤٤) لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا بڵاوکردووەتەوە، کۆی ئەو بابەتانەی لە ژمارەکانی دیکەی هەمان گۆڤاردا بڵاوبووەتەوە ژمارەیان (١٤)بابەت بووە[١٠٦].

جگە لەوانەش ڕوویکردووەتە نوسین لەبوارەکانی مێژوویی و ڕۆژنامەوانی و شانۆگەری و هۆنراوەدا، جێگەپەنجەی بەسەر ڕەوتی ڕۆشنبیری کوردیەوە دیارە، بەم شێوەیە پۆلێن دەبێت: -

١ / هاواری لاوان.

٢ / وشەی کوردی لە هەڵمەتی نیشتمانی گشتی نەهێشتنی نەخوێندەواری.

٣ / شاعیری چەوساوەکان (خەلیل منەوەر) .

٤ / دیوانی مینە جاف.

٥ / ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەووروپشتی ، کۆمەڵێك کتێبی تر.

٣/ بواری مێژوویی

مستەفا نەریمان لەبواری نوسینەوەی مێژوودا بەشێوەی تایبەتی بێت یاخود بەگشتی کتێبی مێژوویی داناوە، لە نوسینەوەی مێژوودا زیاتر پشتی بە میتۆدی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەستووە، لەسەر زاری کەسەکان و شایەتحاڵەکانەوە. هەروەها ئەو ڕووداوانەی خۆی بینیوویەتی و بەشداربووە، زۆربەی ڕووداوەکانی ژیانی خۆی بەدەستنوس تۆمارکردووە و کە زانیاری و ڕاستی مێژوویی زۆرباشیان تێدایە، بەرهەمەکانی بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێن بۆ مێژووی ناوچەی گەرمیان و شاری کفری لەو سەردەمەدا.

کتێبە مێژووییەکانی پێکهاتوون لە:-

أ- مامۆستای نەمر: ئەم کتێبە باسی ژیاننامەی (مەلا کاکە حەمەحاجی سیف الله) دەکات، کە بڕیاری دابوو لەناوجەرگەی نەخوێندەواری لە گوند و دێهاتەکانەوە بکەوێتە جەنگی نەخوێنەواری، چرای زانست هەڵبکات ئەویش ناوچەی داودەی گەرمیان بوو،لەنێوان ساڵانی(١٩٢٦-١٩٥٦)سەرقاڵی وانەوتنەوە بوو، مستەفا نەریمان پەیوەندییەکی باشی لەگەڵدا هەبووە، ناوبراو لەساڵی (١٩٦٠) کۆچی دوایی کردووە[١٠٧].

ب- بیرەوەریەکانی ژیانم: ئەم کتێبە ژیاننامە و یاداشتەکانی مستەفا نەریمان خۆیەتی، کە چەند ڕۆژێك پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات لە شاری بەغدا چاپی کردووە، کە هەموو ڕووداوەکانی ژیانی خۆی و چەردەیەک لە مێژووی ناوچەی کفری و هەروەها بەشێک لەبارودۆخی سیاسی کوردستان و عێراقیشی تۆمارکردووە، بە سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگ دادەنرێت بۆ مێژووی هاوچەرخی کورد و بواری ڕۆژنامەگەری کوردی[١٠٨].

ج- یانەی سەرکەوتنی کوردان : ئەم کتێبە دەستنوس بوو لای بەڕێز(ئازاد هیدایەت دەلۆ) پارێزرابوو، مستەفا نەریمان تاوەکو لەژیاندا چاپی نەکردبوو، لە ساڵی (٢٠٠٦) لە کەرکوك چاپکراوە، ئەم کتێبە باسی مێژووی دامەزراندنی یانەی سەرکەوتنی کوردان لەشاری بەغدا و ژیانی مەعرووف جیاووك دەکات، بەسەرچاوەیەکی ڕەسەن دادەنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە یانەی سەرکەوتنی کوردان[١٠٩].

د- شۆڕشی براهیم خانی دەلۆ ١٩٢٠: کتێبێکی مێژوویی گرنگە بەتایبەتی خەباتی ناوچەی گەرمیان و شاری کفری لەدژی داگیرکەری بەریتانی بۆ کوردستان، برایم خانی دەلۆ و شۆڕشگێڕان توانیان شارەکە لە داگیرکاری ئینگلیزەکان ڕزگاربکەن، زۆربەی سەرچاوەکانی ئەم کتێبە کەسانی ناو ڕووداوەکانی شۆڕشەکە بوون یان هاوسەردەمی ڕووداوەکان بوون، مستەفا

نەریمان چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردوون و وەکو خۆی تۆماری کردووە، ئەم کتێبە دووجار چاپکراوە [١١٠].

باسی سێیەم / دانان و وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکان

کۆششەکانی لەبواری خوێندن و پەروەردەدا، کاتێك شۆڕشی (١٤ی تەمموزی ١٩٥٨)بەرپابوو، مستەفا نەریمان لە ڕۆژی ٢٦ی تەمموزی هەمان ساڵدا لەگەڵ حەوت مامۆستای کورد یاداشتێکیان بۆ خوێندنی کوردی ئاراستەی حکومەتی کۆماری کردووە، لە٢٧ی تەممووزدا لەگەڵ شاندی کوردی چوونەتە لای عەبدولکەریم قاسم بۆ پیرۆزباییکردنی شۆڕش و یاداشتەکەیان پێشکەشکردووە[١١١]، مستەفا نەریمان بەردەوام جەختی لەوە کردووەتەوە کە دەبێت لە کوردستاندا خوێندن بە زمانی کوردی بێت، لە هەردوو کۆنگرەی مامۆستایانی کورد کەلە ساڵی ١٩٥٩ و ١٩٦٠ لەشەقلاوە بەسترا، وەك ئەندام بەشداربووە، چەند پێشنیارێکی بۆ کۆنگرە خستووەتە ڕوو[١١٢].

لەو ماوەیەی کە لە شاری کوت لە ناوەڕاستی عێراق بە هۆکاری سیاسی دوورخراوەتەوە، لەئەوێ سەرباری مامۆستایەتی لەنوسینیش بەردەوام بووە، کاتێك کۆڕی زانیاری کورد لەبەغدا دادەمەزرێت دەبێتە ئەندامی ئەو دەزگایە و بەشداربووە لە چالاکیەکانی، لەساڵی ١٩٧١ لە بەغدا بووەتە سەرپەرشتیاری گشتی پەروەردە(مفتش عام)، یەکەمین کورد بووە لەشاری بەغدا ئەو پۆستەی وەرگرتووە، لەئەرکەکەی بەردەوام بوو تاوەکو ساڵی ١٩٨٢ خانەنیشنکراوە[١١٣].

مستەفا نەریمان دوای ساڵانێکی زۆر لەخزمەتکردن لە بواری پەروەردەیی و مامۆستایەتی لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی لە وەزارەتی پەروەردەی عێراق لەماوەی(١٩٧١-١٩٨٥) ڕۆڵی لەبواری وەرگێڕانی کتێب بۆ پرۆگرامەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و پیشەییەکان هەبووە، توانیویەتی (١٧) کتێب بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن دابڕێژێت و وەربگێڕێت بۆ سەر زمانی کوردی لەبوارەکانی(زمانی کوردی، بیرکاری، مێژوو، جوگرافیا،... هتد)[١١٤].

باسی چوارەم / کارکردن لەبواری ڕۆژنامەوانی

مستەفا نەریمان جگە لەوەی مامۆستا و نوسەر بووە، لەبواری ڕۆژنامەوانی کاریکردووە، لەچەند گۆڤارێك بووەتە بەڕێوەبەر و سکرتێری نوسین، لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا گۆشەی تایبەت بەخۆی هەبووە، بابەتی لەبوارەکانی (مێژوو، ئەدەب، چاوپێکەوتن، هۆنراوە، ڕۆشنبیری گشتی) نوسیووە، لەم گۆڤار و ڕۆژنامانەدا خزمەتی بەڕەوتی ڕۆشنبیری کردووە.

أ- گۆڤاری بەیان: ئەم گۆڤارە لە(تشرینی دووەمی ١٩٦٩)دەرچووە، دوای ئەوەی سەرنوسەر (د.ئەکرم فاضل) بەڕێوەبەری کەلەپووری نیشتمانی بوو داوای لە مستەفا نەریمان کردووە ببێتە سکرتێری نوسین، ناوبراو لە ژمارە(٩)ی ساڵی ١٩٧٣ بووەتە سکرتێری نوسین و ئەرکی تیهەڵچوون و ڕاستکردنەوەی بۆ بابەتەکانی نوسەران کردووە، تاوەکو ژمارە (٢٥)ی ساڵی١٩٧٥ ماوەتەوە لەو ئەرکەی، پاشان بووەتە ئەندامی دەستەی نوسەران و کۆمەڵێك بابەتی بڵاوکردووەتەوە، وێڕای ئەوانەش بیبلیۆگرافیایەکی بۆ ئەم گۆڤارە داناوە ئەوەش خزمەتێکی گەورەی بە نوسەران و توێژەران کردووە[١١٥].

ب- گۆڤاری ڕەنگین: ئەم گۆڤارە لەساڵی ١٩٨٧ یەکەم ژمارەی لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردییەوە دەرچووە، (مصلح جەلالی) سەرنوسەر و مستەفا نەریمان سکرتێری نوسین بووە، لە ژمارە(١-٢٥)ی ساڵی ١٩٨٩، پاش ئەوە بووەتە ئەندامی دەستەی نوسەران، توانیویەتی بابەتەکانی گۆڤارەکە دەوڵەمەند بکات و گۆشەی تایبەت بەخۆی هەبووە بەناوی (ئێمە و دەست وخامە ڕەنگینەکان)، هەروەها بابەتی مێژوویی و دیدار و گفتوگۆی ئەنجام داوە لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی سیاسی و هونەری لەوانەش (عەزیزپشتیوان، ڕەشید باجەلان، لەتیف هەڵمەت، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ژیانی ڕەفیق حیلمی، ...) تاوەکو کۆچی دوایی کرد لە دەستەی نوسەران بوو[١١٦].

ج- گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ: مستەفا نەریمان لەم گۆڤارەدا کاری ڕۆژنامەوانی کردووە، لەساڵی ١٩٨٩ بووەتە سکرتێری نوسین هەتاوەکو ساڵی ١٩٩٢. لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك بابەتی جۆراوجۆر بڵاوکردووەتەوە خزمەتی بە ڕۆژنامەگەری کوردی کردووە، وێڕای دانانی بیبلیۆگرافیایەکی تایبەت بە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ کە نوسەران و توێژەران دەتوانن بە ئاسانی بابەتەکانی نێو ئەو گۆڤارە بدۆزنەوە[١١٧].

ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژنەوەیەوە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە :-

١- مستەفا نەریمان لە خانەوادەیەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی پەروەردە بووە، هەر لە سەرەتای منداڵیەوە لە حوجرەی مزگەوتەوە دەستی بە خوێندن کردووە،بەردەوام بووە، تاکو خانەی مامۆستایانی تەواوکردووە لە سۆنگەی خوێندنەوە لە شارەکانی کەرکوک و بەغداد ژیاوە.

٢- لە بواری پەروردە و فێرکردندا ماوەی (٣٨)ساڵی تەمەنی وەک مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانە و پشکێنەر و وەرگێڕی پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانەکان خزمەتی کردووە، یەکەم کورد بووە لە شاری بەغدا بووەتە پشکنەر (سەرپەرشتیار)ی پەروردەیی، بەشداری چەندین کۆنفراس و کۆنگرەی پیشەیی و پەروردەی کردووە، هەوڵی داوە زمانی کوردی و خوێندنی کوردی پێشبخات، تەنانەت لە بەندیخانەش هەوڵیداوە بەندییەکان فێری نوسین و خوێندەواری بکات .

٣- چەکەرەکردنی بیرو هزری نەتەوەیی و کوردپەروەری لە تێکەڵبوون و چوونەنێو ریزەکانی پارتی هیوا گەشەونەشونمای کردووە، ئیتر وەکو کارەکتەرێکی نێو ڕووداوەکان دەرکەوتووە و نەخشی هەبووە، لە پشتگیری (شۆڕشی بارزان)دا هەوڵەکانی بەرچاو بووە، مکوڕبوونی لەسەر خەبات هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک کادرێکی چالاک و شارەزا ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووە.

٤- پێنج جار لەسەر هەڵوێستی سیاسی و کوردایەتی بەندکراوە و ئەشکەنجەدراوە، ئەوانە نەیانتوانیوە نوچ و کۆڵی پێبدەن و لە کۆشش ساردی بکەنەوە، بەڵام کاتێک دووبەرەکی لەناو پارتیدا سەریهەڵدا بەتەواوی دەستبەرداری کاری سیاسی بووە، هەوڵیداوە لە ڕێگای خامە و نوسینەوە خزمەت بە نەتەوەکەی بکات.

٥- لە نوسینی بیبلیۆگرافیا بۆ کتێب و گۆڤارە کوردییەکان و ڕۆژمێری کوردی پێشەنگ و تەنانەت لەسەر دەرکردنی ڕۆژمێری کوردی دووچاری گرتن و دەردەسەری بووە و کتێبخانەکەشی تاڵانکراوە.

٦- لەسەر داوای خۆی خانەنشینکراوە لە کاتێکدا دەیتوانی بۆ ماوەی(٥) ساڵی دیکە لە پۆستەکەی بمێنێتەوە، دوای خانەنشینبوونی لە داهێنان و نوسین نەکەوتووە لە چەندین گۆڤاردا وەک سکرتێری نوسین و دەستەی نوسەران بەڕێوەبەری نوسین کاری کردووە.

٧- لە شاری کفریدا یەکەم کەسە یاداشت و بیرەورییەکانی خۆی نوسیوەتەوە و یەکەم کەس بووە وەسێتی کردووە پاش کۆچی دوایی خۆی کتێبخانەکەی پێشکەش بە کتێبخانەی گشتی کفری بکرێت.

٨- لە بوارەکانی هۆنراوە و پەخشان و شانۆ و مێژوو و وەرگێڕاندا خامەی خستووەتە کار و چەندین بەرهەمی نایابی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە. جگە لە چاپدانی (٢٣) کتێب لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا زیاتر لە(٦٠٠) بابەتی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردووەتەوە.

٩- پیاوێکی خواناس و کۆمەڵایەتی بووە، هەمیشە پەرەی بە پەیوندییە کۆمەڵایەتیەکان داوە، سەرباری ئەوەی بۆ ماوەی (٤٥) ساڵ لە دەرەوەی شاری کفری ژیاوە، بەڵام خۆشەوستی بۆ زێدی لە دایکبوونی خۆی هەبووە، ئەوەتا پاش مردنیشی وەسیەت دەکات گڵکۆکەی لە کفری بێت.

پەراوێزەکان

---

[١] **کفری : شارێکی کۆنی باشووری کوردستانە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی کەرکوک بە ١٠٠ کلم. لەو سەردەمەدا قەزایەکی سەر بەلیوای کەرکوک بووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حسین ئیساعیل خان دەلۆ، ناوچەی کفری لەنێوان ساڵانی (١٩١٤-١٩٤٥)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٤.**

[٢] **مستەفا نەریمان، بیرەوەری یەکانی ژیانم، چاپخانەی دارالحرية ، بەغدا، ١٩٩٤، ل ٢٣-٢٥.**

[٣] **مستەفا نەریمان، ئەدیب و نوسەرانی کفری و دەووروپشتی، بەغدا، ٢٠٠٧، ل ٢٨٤.**

[٤] **سالْح هەلاج، گوڵبژێرێک لە شیعرو شاعیرانی گەرمیان، کەرکوک، ٢٠٠٨، ل ١٤١.**

[٥] **وریا سالح، ساتێک لەگەڵ کاروانی پڕسەرورەی نوسەر ومێژوونووسی بەناوبانگ مستەفا نەریمان،شەم(گۆڤار)کفری،ژ(٤-٥)،٢٠٠٢،ل٤٥.**

[٦] **موکەڕەم تاڵەبانی: لەساڵی ١٩٢٣ لەکەرکوک لەدایک بووە، کولێژی مافی لەبەغدا تەواوکردووە، دکتۆرای لە ئابووری بەدەستهێناوە، لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی دارکەر و حزبی هیوایە، ئەندانی حزبی شیوعی عێراقی بووە لەسەردەمی مەلەکی بۆ ماوەی (٣) ساڵ زیندانیکراوە، چەند جارێک پایەی وەزیری لە حکومەتی عێراق وەرگرتووە، ئێستا لەشاری سلێمانی نیشتەجێیە، ئازاد هیدایەت دەلۆ، دیداری ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٢٠٦-٢٠٧.**

[٧] **مستەفا نەریمان، بیرەوەری یەکانی ژیانم ، ل ٢٩.**

[٨] **چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد سالار کوڕی مستەفا نەریمان ، هەولێر، ٢٠٢١/٥/٥.**

[٩] **مستەفا نەریمان، بیرەوەری یەکانی ژیانم، ل ٥٣، ٥٦-٥٧.**

[١٠] **خانەی مامۆستایان (دار المعلمين) : لەتشرینی یەکەمی ١٩٢٣ لە شاری بەغدا کراوەتەوە، خولی یەکەمی(١١) قوتابی بووە، مامۆستای لەناوخۆ و دەرەوە عێراق بۆ دابینکراوە، پاش کردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی لە زۆربەی شارەکانی عێراق، لە ڕێگەی دەرچوانی ئەم خانەیەوە مامۆستا بۆ ئەو قوتابخانانە دابینکراوە، لە ساڵی ١٩٢٧ ناوەکەی بۆ (خانەی مامۆستایانی باڵا) گۆڕاوە و خوێندن بۆ ماوەی دوو ساڵ بووە، بەڵام لەساڵی ١٩٣٠ داخراوە، دواتر لە ساڵی ١٩٣٥ جارێکی دیکە کراوەتەوە، ئەم خانەیە بەردەوام گۆڕانکاری لە پرۆگرام و ماوەی خوێندنی کراوە، گۆڤاری (الأستاذ) لەلایەن ئەم خانەوە دەرکراوە، لەساڵی ١٩٥٨ ناوەکەی بۆ کولێژی پەروەردە گۆڕاوە و بووەتە کۆلێژێکی زانکۆی بەغداد. ابراهيم خليل العلاف، د. موقع الكتروني مجلة الكاردينا. تاريخ دار المعلمين العالية في بغداد ١٩٢٣-١٩٥٨، التاريخ النشر ٢٠١٦/٨/٢١.**

[١١] **مصطفى احمد محمد، نريمان مناضلا و مربيا ومؤرخا، الناقوس (جريدة) كفري، عدد(٤)، ٢٠٠٧/٥/٢٦، ص ٣.**

[١٢] **هەردوو نابراو پاشتر وەک دوو نوسەری دیاری کورد دەرکەوتن .**

[١٣] **مستەفا سەید احمد، اوازێک لە نەجوانێکەوە ، گەلاوێژ (گۆڤار) بەغدا، ژ (١٠)ی ساڵی ١٩٤٣، ل ٦٠-٦١.**

[١٤] **قيس قرەداخی، في رحاب ذكرى (مصطفى نريمان)، الناقوس (جريدة)، عدد(٤) ، ٢٠٠٧/٥/٢٦، ص ٢.**

[١٥] **برایم حەمەخانی گێژ : لەساڵی ١٨٨٥ لەناوچەی نارین دایک بووە، شۆرەسوارێکی ناوچەی نارین بوو، لەساڵی ١٩١٨ لەکاتی پێشڕەوی هێزەکانی ئینگلیز بەرەو شاری کفری لە ناوچەی نارین لەگەڵ دوو جەنگاوەری دیکە بەریان بەپێشڕەوی هێزەکانی ئینگلیز گرتووە بۆ ماوەیەک بەرگریان کردووە، بەڵام بەهۆی زۆری ژمارەی هێزەکانی ئینگلیز و بریندارببوونی ناچار هەڵهاتووە، هەروەها ناوبراو هاوپەیمانی برایم خانی دەلۆ بوو لەساڵی١٩٢٠ لەکاتی رزگارکردنی شاری کفری، لەساڵی ١٩٦٨ کۆچی دوایی کردووە. مستەفا نەریمان، کوردێکی شۆڕە سوار برایم حەمەخانی گێژ، ڕەنگین (گۆڤار) بەغدا، ژ(٥٤)، ١٩٩٣، ل ١٤.**

[١٦] **عومەر عەلی شەریف، مستەفا نەریمان چەند بیرەوەریەکی کەرکوک، نەوشەق(گۆڤار) کەرکوک، ژ(٢)، ١٩٩٣، ل ٦٦**

[١٧] **بڕوانە دەقی فەرمانی دامەزراندنی مامۆستایان : امر اداری رقم (٣٨١٣) تاريخ (١٩٤٤/١٠/١٦)، موضوع : تعين معلمين. بڕوانە : پاشکۆی ژمارە (١).**

[١٨] ڕەفیق حیلمی: لەساڵی ١٨٩٨ لەکەرکوک لەدایک بووە، قوتابخانەی ڕوشدییەی موڵکیەی لە کفری تەواوکردووە، ئامادەیی لە بەغدا تەواوکردووە، پاشان هەندەسەی عالی لەئەستەنبوڵ تەواوکردووە، لەساڵی(١٩٣٩-١٩٤٥) سەرۆکی باڵای پارتی هیوا بووە، هەروەها سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بوو لە لیوای دیالە، لەساڵی ١٩٦٠ کۆچی دوایی کردووە . ناهیدە ڕەفیق حیلمی، بەسەرهاتی ڕەفیق حیلمی ، بەشی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٣-٢٦.

[١٩] مستەفا نەریمان، بیرەوەری یەکانی ژیانم، ل ٧٥.

[٢٠] وریا ساڵح ، س .پ ، ل ٤٨.

[٢١] مستەفا نەریمان، بیرەوەری یەکانی ژیانم ، ل ٩٢.

[٢٢] ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی کەناڵی خاک لەسەر مستەفا نەریمان ، (khak. tv. Net)

[٢٣] عومەر عەلی شەریف، ١٠٠ ناوداری کەرکوک و گەرمیان، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٤١٤.

[٢٤] مستەفا نەریمان، بیرەوەری یەکانی ژیانم ، ل ٢١٧.

[٢٥] عومەر عەلی شەریف، لەیادنامەی کەرکوک و گەرمیانەوە، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک، ٢٠٠٦، ل ١٤٣.

[٢٦] عومەر عەلی شەریف، ١٠٠ ناوداری کەرکوک و گەرمیان ، ل٤١٤.

[٢٧] مستەفا نەریمان، ئەدیب و نوسەرانی کفری و دەوروپشتی، ل ٢٨٧.

[٢٨] مستەفا نەریمان، بیرەوەری یەکانی ژیانم، ل ١٩٧.

[٢٩] مستەفا نەریمان، ئەدیب و نوسەرانی کفری و دەوروپشتی، ل ٢٨٧.

[٣٠] ڕەنگین، ژمارە (٦٧)، ١٩٩٤، ل ٢ ؛ ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی کەناڵی خاک لەسەر مستەفا نەریمان (khak. tv. Net).

[٣١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەید فاتیح برای مستەفا نەریمان، هەولێر ،٢٠٠٩/١٢/٢٣ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد سالار کوڕی مستەفا نەریمان ، هەولێر ، ٢٠٢١/٥/٥.

[٣٢] مكرم سيد احمد البرزنجي، مكتبة مصطفى نريمان من بغداد الى كرميان، الناقوس(جريدة)، عدد(٤)، ٢٠٠٧، ص ٤.

[٣٣] ئازاد هیدایەت دەلۆ، مژدەیەک بۆ کوردستان، ڕەنگین ، ژمارە(١٢٠)، ١٩٩٩، ل ٢٧.

[٣٤] ناوی یونسی کوڕی مەلا ڕەئوفی مەلا مەحمودە، لەساڵی ١٩١٨ لە کۆیە لەدایک بووە، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە و ڕانیە تەواو کردووە و دواناوەندی لە هەولێر و کەرکوک تەواوکردووە، پاشان کۆلێجی مافی (كلية الحقوق) لەبەغدا تەواو کردووە، بووەتە پارێزەر، خاوەن سرودی نیشتمانی (ئەی ڕەقیب)ە لەساڵی ١٩٤٨ کۆچی دوایی کردووە، مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، هەولێر ، ٢٠٠٩، ل ٥٣٧-٥٣٨.

[٣٥] هلبين محمد مزوری، حزب هيوا- الامل (١٩٣٩-١٩٤٥)، مطبعة حاجی هاشم، أربيل ، ٢٠٠٨ ، ص ٥٢.

[٣٦] ناوی کۆمەڵەی دارکەر بۆ ناوی کۆمەڵەی (کاربۆناری carbonari) خەڵوزفرۆشانی ئیتالیا دەگەڕێتەوە، ئەو کۆمەڵەیە هاوکاری گاریباڵدی بوون کە بۆ یەکگرتنەوەی ئیتالیا تێدەکۆشا. موکەڕەم تاڵەبانی ، کۆمەڵەی دار و پارتی هیوا چۆن دامەزران، ڕەنگین ، ژمارە(٥٢) ساڵی ١٩٩٣، ل ١٨ ؛ هەروەها بڕوانە: هلبين محمد مزوری ، م . س ، ص ٥١.

[٣٧] موکەڕەم تاڵەبانی، س.پ، ل ١٨؛ هەروەها بڕوانە: سمکۆ بەهرۆز(ئەژی)، مێژووی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراو حیزبانەی لەناوچەی کەرکوک دامەزراون، چاپخانەی بینایی ، کەرکوک ، ٢٠٠٦، ل ٧.

[٣٨] لەو کۆنگرەیەدا نزیکەی (٦٠) ئەندام بەشداربوون، لەنێویاندا ئەندامە دیار و ناسراوەکانی کۆمەڵەی دارکەر بوون، سەرەتا یونس ڕەئوف (دڵدار) وتارێکی خوێندەوە، لەپاش ئەویش مارف بەرزنجی وتارێکی پێشکەشکرد، لەو کۆنگرەیدا بڕیاردرا ناوی کۆمەڵەکە بۆ پارتی هیوا بگۆڕن. مكرم الطالباني، حزب هيوا، مركز خاك للنشر و الاعلام، السليمانية ، ٢٠٠٢ ، ص ٥١-٥٢.

[٣٩] ناولێنانی ئەم پارتە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی ئەو کۆمەڵە کوردییەی کە لە ساڵی١٩١١ لە شاری ئەستەنبوڵ بە ناوی هێڤی دامەزراوە.
هلبين محمد مزوری، م . س ، ص ٥٤.

[٤٠] عبدالستارطاهر شريف، الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكرديه في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨،ط ٢، من منشورات دار سردم للطباعة و النشر، السليمانية،٢٠٠٧ ،ص ١٣٨ ؛ عومەر عەلی شەریف، لەیادنامەی کەرکوک و گەرمیانەوە، ل ٩٠.

٤١ سهيل خورشيد عزيز، صفحات من تاريخ منطقة كفري، مركز(تەما) للطابعة و النشر، السليمانية ، ٢٠٠٢، ص ٣٧؛ صلاح الدين عبدالحميد عبدالله، شاری کفری لە تەرازووی ڕەسەنایەتی و شارستانیەتیدا، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی ، ٢٠٠٩،ل ٤٠.

[٤٢] عومەر عەلی شەریف، مستەفا نەریمان چەند بیرەوەریەکی کەرکوک، نەوشەق(گۆڤار) کەرکوک، ژ(٢)،١٩٩٣، ل ٦٦،٦٧ ؛ مستەفا نەریمان ، ئەدیب و نوسەرانی کفری و دەوروپشتی ، ل٣٦.

[٤٣] عبدالستارطاهر شريف، م .س ، ص ١٠٠.

[٤٤] نفس المصدر ، ص ١٠٣.

[٤٥] شیلان ناوی شوێنەوارێکە لەنزیک کفری.

[٤٦] زەرداو گوندێکە ٢٠ کلم لە باشووری ڕۆژهەلاتی کفرییەوە دوورە، موڵکی ئەوقافە و شێخانی تاڵەبانی سەرپەرشتیان دەکرد.

[٤٧] محەمەد شاکەلی، گەرمیان رابردووی نزیک و ئاییندە، سلێمانی،٢٠٠٣،ل٥٧-٥٨؛ سمکۆ بەهرۆز ،س.پ،ل ٩؛ ئەحمەد باوەڕ، کورتەیەک سەبارەت بەگەشەکردن و سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانی نهێنی کوردی لە گەرمیاندا ١٩٤٠-١٩٧٠، کەرکوک(گۆڤار)، ژ(٥)ساڵی دووەم،هاوینی ٢٠٠٠،ل٢١٦؛ ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، ئیندێکسی ڕۆژنامەوانی نهێنی کوردی تاوەکو ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، ڕۆژنامەنوس (گۆڤار)،هەولێر، ژ(١)، ٢٠٠٤/٤/٢٢، ل٢٣١.

[٤٨] مستەفا نەریمان، بیرەوەری یەکانی ژیانم، ل٧٠ ،١٢٠.

[٤٩] هەمان سەرچاوە ، ل ٧٥.

[٥٠] الشيخ عطا طالباني، ذكريات ايام النضال في كوردستان، مطبعة ئارا، السليمانية، ٢٠١٠، ص ٢٤-٢٥؛ فەیسەڵ دەباغ، حزبی هیوا و شۆڕشی ١٩٤٣-١٩٤٥ی بارزان، دەزگای راگەیاندنی گوڵان، هەولێر،١٩٩٧،ل ٩٤.

[٥١] حەسەن جاف، ئەو قسانە بەو پێوانە باویان نەماوە، مطبعة الزمان، بەغدا، ١٩٩٦، ل ٤٤؛ الشيخ عطا طالباني، م.س، ص٢١؛ شاخەوان عبدالله صابر، رفيق حلمي، مطبعة شڤان، سليمانية، ٢٠٠٧، ص ١٣٩.

[٥٢] مەلا سەید حەکیم کوڕی مەلا سەید محەمەد لەساڵی ١٨٩٢ لە گوندی (هویە) سەربە شاری سنە لەدایک بووە، خوێندنی حوجرە و ئیجازەی مەلایی لەلای مەلای گچکەی هەولێر وەرگرتووە، ساڵی ١٩٣٦ مامۆستای مزگەوتی مەحمودپاشای جاف بووە لە قزرابات و دواتر چووەتە خانەقین، ماوەیەک ئیمامی مزگەوتی حسین پاشا بووە لە حەیدەرخانە لەشاری بەغدا، لەسەرەتای دامەزراندنی پارتی هیواوە پەیوەندی بەرێکخستنەکانیەوە کردووە، پاشان چووەتە نێو حزبی ڕزگاری، هەروەها یەکێک بوو لەدامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە(١٥ی ئەیلوولی ١٩٥٧) لە خانەقین کۆچی دوایی کردووە، لەگۆڕستانی پاشاکۆپری لە خانەقین نێژراوە. ئەحمەد باوەڕ ، دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی عێراق – ئێران(١٩٣٧-١٩٤٧)، سەنتەری ستراتیجی کوردستان ،سلێمانی،٢٠١٠، ل ١٦٥-١٦٦.

[٥٣] مستەفا نەریمان، بیرەوەری یەکانی ژیانم، ل ٨٥ ؛ زیاد نعمان محمود، خانەقین لەنێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٥٨)، ماستەرنامە پێشکەش بە بەشی مێژووی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر- کراوە، ٢٠١٧، ل ١٠٣-١٠٤.

[٥٤] فواد حمەخورشید، هەندێ تێبنی دەربارەی پارتی هیوا و چوونە ناو باسەکە و پرسیار لە ئەندامەکان، ڕەنگین(گۆڤار)بەغدا، ژ(٨٨)، ساڵی ١٩٩٦، ل ٧؛ سوارە حەسەن باجەلان ،مێژووی کەلار، ب ٣،بانەرۆژ(گۆڤار)، کەرکوک ،ژ(٢٦)،کانوونی دووەمی ٢٠٠٦،ل٤١-٤٢.

[٥٥] مستەفا نەریمان، بیرەوەری یەکانی ژیانم، ل٨٥-٨٧.

[٥٦] شاخەوان عبدالله صابر، م .س، ص ١٤٣ ؛ عومەر عەلی شەریف ، لەیادنامەی کەرکوک و گەرمیانەوە ،ل ٩٣-٩٤.

[٥٧] ئەحمەد باوەڕ، پارتی هیوا لە دروستبوونیەوە لە کەرکوک تاوەکو هەڵوەشانەوەی لە کۆبوونەوەی کەلاردا(١٩٣٧-١٩٤٤)، کەرکوک (گۆڤار)، ژمارە (١)، هاوینی ٢٠٠٠، ل ١٠٤

[٥٨] مستەفا نەریمان، بیرەوەری یەکانی ژیانم ، ل٨٧-٨٨.

[٥٩] ئەحمەد باوەڕ، س . پ،ل ١٠٤.

[٦٠] فواد حمەخورشید، س.پ ، ل ٩ ؛ شاخەوان عبدالله صابر، م.س ،ص ١٤٤.

[٦١] الشيخ عطا طالباني، م.س ، ص ٢٥-٢٦ ؛ مستەفا نەریمان ، بیرەوەری یەکانی ژیانم، ل٨٩.

[٦٢] ئەحمەد باوەڕ، پارتی هیوا لە دروستبوونیەوە لە کەرکوک تاوەکو هەڵوەشانەوەی لە کۆبوونەوەی کەلاردا(١٩٣٧-١٩٤٤)،ل ١٠٤.

[٦٣] زیاد نعمان محمود ، خانەقین لەنێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٤٥)، ل ١٠٩.

[٦٤] ئیبرایم ئەحمەد لەساڵی ١٩١٤ لە سلێمانی لەدایک بووە، کۆلێجی ماف(الحقوق)ی لەساڵی ١٩٣٧ لەبەغدا تەواوکردووە، ماوەیەک لە شارەکانی هەڵەبجە و هەولێر حاکم بووە لەبەر هەندێ تەنگوچەڵەمە کەخراوەتە بەر گۆڤاری گەلاوێژ(١٩٣٩-١٩٤٩) وازی لە فەرمانبەری میری هێناوە، ئەندامێکی دیاری پارتی هیوا و سەرۆکی لقی (ژ.ک) باشوری کوردستان بووە، پاشان چووەتە نێو پارتی دیموکراتی کوردستان و بووەتە سکرتێری مەکتەبی سیاسی، خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەی خەبات بووە، خاوەن گەلێک نوسین و بابەتی هەمەجۆرە، لەتەمەنی ٨٦ساڵیدا لە نیسانی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کردووە، جەمال بابان ، اعلام كرد العراق، السليمانية ،٢٠٠٦،ص٨-١٠.

[٦٥] عبدالرحمن قاسملۆ و عبدالله حسن زادە، کورتە مێژووی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چاپخانەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٢، ل ٢٧.

[٦٦] مەلا عەزیز کوڕی عبدالرحمن کوڕی محەمەد لەساڵی ١٩١٢ لە گوندی زەرداو سەربە قەزای کفری لەدایک بووە، خراوەتەبەر خوێندنی حوجرە و لەساڵی ١٩٤٨ ئیجازەی مەلایەتی لەسەر دەستی(مەلا قادر سۆفی—باوکی مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی-)لە گوندی چەرمەگە وەرگرتووە، لەڕووی سیاسییەوە پەیوەندی بە حزبی هیواوە کردووە، پاشان یەکێک بوو لە ئەندامانی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لەماڵی برایم ئەحمەد بەشداری کۆبووەنەوەکەی کردووە، ماوەیەک لەنێو پارتی چالاکی هەبووە، پاشان چووەتە نێو ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقییەوە، لەساڵی ١٩٤٨ چاوی بە(فەهد) کەوتووە لە بەندیخانە، لەساڵی ١٩٥٤ لە لایەن دەزگای (شعبة التحقيقات الجنائية) داواکراو بووە، تەنانەت(بەهجەت عەطیە) سەرۆکی دەزگاکە خۆی هاتووە بۆ شاری کفری بە مەبەستی دەستگیرکردنی، بەڵام نەگیراوە، تاوەکو مردنی هەر لەو حزبە ماوەتەوە، لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لەگەڵ وەفدی کوردی چووەتە بەغدا بۆ پێشوازیکردن لە مەلا مستەفای بارزانی، لەماوەی ژیانییدا چەند جارێک بەند کراوە و حوکم دراوە، لە(١١ی شوباتی ١٩٨٠) کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گوندی دوانزەئیمام لە نزیک کفری نێژراوە.

[٦٧] الشيخ عطا طالباني، م .س ، ص ٢٩ ؛ مستەفا نەریمان، بیرەوەری یەکانی ژیانم، ل ٩١-٩٢.

[٦٨] لە ڕۆژانی (١٢و ١٣ی ئاداری ١٩٥٠) دووەم کۆنگرەی پارتی لە ماڵی عەلی حەمدی لەشاری بەغدا بەسترا، تەنها (٣٠)ئەندام تێیدا بەشداربوون، نوێنەرانی لق و لیژنەناوخۆییەکانی شارەکانی بەغدا و هەولێر و سلێمانی بەشداربوون.مەهدی محمەد قادر ،پێشهاتەسیاسیەکانی کوردستانی عێراق ١٩٥٤-١٩٥٨، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی،٢٠٠٥، ل١٢٨. هەرچەندە مستەفانەریمان لە بیرەوەریەکانی ژیانیدا باس لەوەدەکات لەشەوی ١٦ی ئابی ١٩٤٦ یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی لەماڵی عەلی حەمدی لە بەغدا بەسترا، ناوبراو بەدواداچوونی کردووە و سوورە لەسەرئەوەی کەیەکەم کۆنگرەی لەماڵی عەلی حەمدی لە گەڕەکی بارودییە بووە، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکانی دیکە کۆکن لەسەرئەوەی دووەم کۆنگرە لەماڵی(سەعید فەهیم) بەستراوە. مستەفا نەریمان، س.پ، ل ١٢٠.

[69] محەمەد فاتیح، حزب وریکخراوه سیاسییه عیراقیەکان، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ١٠٦ ؛ محەمەد مەلاقادر، خەباتنامە ،چاپخانەی خەبات ، دهۆک، بێ ساڵی چاپ ، ل ٤٦.

[70] مستەفا نەریمان ، بیرەوەری یەکانی ژیانم، ل ٩٣.

[71] سوهیل خورشید عزیز، مێژووی ناوچەی گەرمیان چینەکۆمەڵایەتیەکان و ڕێکخراوه سیاسیەکانی نێوان ساڵانی (١٨٧٠-١٩٧٠)، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٦٤-١٦٥.

[72] كاظم حبيب، لمحات من نظال حركة التحرر الوطنی للشعب الكردی في كردستان العراق، طبعة الثانية ، اربيل،٢٠٠٥، ص ٢٤٩-٢٥٠.

[73] مستەفا نەریمان ، ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروپشتی ،ل ٢٨٩.

[74] مستەفا نەریمان ، بیرەوەری یەکانی ژیانم، ل ١٥٢-١٥٣.

[75] محەمەد شاکەلی، قەزای کفری- شارەدێی کەلار لە پەنجاکانداوپاسەکەی حاجی حەسەن(١٩٦١-١٩٧٥)، کەرکوک ،٢٠١٢ ،ل ٨٠.

[76] عمر حاجی عەلی زەنگەنە، لەبیرم دێ ژانەکانی کورد و شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک ،٢٠٠٨، ل ١٧.

[77] كريم حميد عزيز، مصطفى نريمان يروي احداث كركوك عام ١٩٥٩ بشكل تفصيلي و كشاهدعيان، الناقوس، جريدة، عدد(٤)، ٢٠٠٧/٥/٢٦، ص ٤.

[78] مسعود البارزانی، البارزانی و الحركة التحررية الكردية ثورة ايلول١٩٦١-١٩٧٥،جزء ٣ ،اربيل ،٢٠٠٢، ص ٢٢.

[79] مستەفا نەریمان ، بیرەوەری یەکانی ژیانم، ل ١٧٢-١٧٣.

[80] مسعود البارزانی، م .س ، ص ٢٦.

[81] مستەفا نەریمان ، بیرەوەری یەکانی ژیانم، ل ١٧٥ ؛ مسعود البارزانی، م .س، ص ٣٣-٣٤.

[82] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەید فاتیح سەید ئەحمەد برای مستەفا نەریمان، هەولێر ،٢٠٠٩/١٢/٢٣.

[83] مستەفا نەریمان، بیرەوەری یەکانی ژیانم، ل ٢٠٥-٢٠٦.

[84] هەمان سەرچاوە ، ل ٢٠٧.

[85] هەمان سەرچاوە ، ل ٢١١-٢١٢.

[86] مستەفا نەریمان، ئەدیب و نوسەرانی کفری و دەوروپشتی، ل ٢٨٧-٢٨٨.

[87] مستەفا نەریمان، بیرەوەری یەکانی ژیانم ، ل ٢١٧.

[88] ئازاد عوبێد ساڵح، ڕۆڵی سیاسی وکارگێڕی و ڕووناکبیری مەعرووف جیاووک(١٨٨٥-١٩٥٧)،تێزی دکتۆرا،پێشکەش بە بەشی مێژووی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر کراوە، ٢٠٠٨، ل ٢٢١.

[89] مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان، پێداچوونەوە و ئامادەکردنی : ئازاد هیدایەت دەلۆ، کەرکوک،٢٠٠٦، ل ٩-١٠.

[90] ئەحمەد باوەڕ، کۆمەڵەی یانەی سەرکەوتن، چاپخانەی ئوفیستی تیشک ،کەلار، ٢٠٠٤، ل ٦٨.

[91] مستەفا نەریمان ، بیرەوەری یەکانی ژیانم ، ل ٦٧.

[92] ئازاد عوبێد ساڵح ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ٢٥٥.

[93] ئەحمەد باوەڕ، کۆمەڵەی یانەی سەرکەوتن ، ل ٧٧.

[94] وريا عمر امين، تحديد العلاقات البنيوية للتقومين الميلادي و الهجري و تأسيس نظام للتقويم الكردي، مطبعة حاجى هاشم، أربيل، ٢٠٠٨ ، ص ٩٢.

[95] أعداد جريدة الناقوس، مصطفى نريمان و قصتة مع اول مفكرة جيب كردية ،الناقوس، عدد(٤)، ٢٠٠٧/٥/٢٦،ص ٤.

[96] مستەفا نەریمان ، بیرەوەری یەکانی ژیانم ، ل ١٤٠-١٤١.

[97] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەید فاتیح سەید ئەحمەد برای مستەفا نەریمان، هەولێر،٢٠٠٩/١٢/٢٣.

[98] مستەفا نەریمان ، بیرەوەری یەکانی ژیانم ، ل١٤٤ .

[99] مستەفا نەریمان ، ئەدیب و نوسەرانی کفری و دەوروپشتی ،ل ٢٨٩.

[100] ڕۆژمێری کوردستان ، ١٩٦١، پاشکۆی ژمارە (٤).

[101] عبدالکریم بەرزنجی، ناودارانی گەرمیان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی گوڵان، ٢٠١٨ ،ل ٨٧.

[102] مستەفا نەریمان ، بیرەوەری یەکانی ژیانم ، ل٢٣٧.

[103] مستەفا نەریمان، بیلیۆگرافیای کتێبی کوردی(١٧٨٧-١٩٧٥)، بەغدا،١٩٧٧، ل ٦.

[104] پەیجی فەرمی د. نەجاتی عەبدوڵلا ، بابەتێک لەبارەی وشەی بیبلیۆگراف، ٢٠ی ئەیلولی ٢٠٢٠.

[105] بڕوانە : دەقی نامەکەی مستەفا نەریمان بۆ نەریمان عەزیز پشتیوان، پاشکۆی ژمارە (٣).

[106] مستەفا نەریمان، بیرەوەری یەکانی ژیانم، ل ٧٢ ،١١٢؛ مستەفا سەید احمد، اوازێک لەنەوجوانێکەوە،(گەلاوێژ) گۆڤار ، بەغداد، ژمارە(١٠)،ی ساڵی ١٩٤٣، ل ٦٠-٦١.

[107] بڕوانە : مستەفا نەریمان ، مامۆستای نەمر، بەغدا، ١٩٧١.

[108] بڕوانە : مستەفا نەریمان، بیرەوەریەکانی ژیانم ، بەغدا، ١٩٩٤.

[109] بڕوانە : مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان، پێداچوونەوە و ئامادەکردنی: ئازاد هیدایەت دەلۆ، کەرکوک،٢٠٠٦.

[110] بڕوانە : مستەفا نەریمان، شۆڕشی برایم خانی دەلۆ ١٩٢٠، چاپی دووەم، هەولێر،٢٠٠٧.

[111] مستەفا نەریمان، بیرەوەریەکانی ژیانم ، ل ١٤١-١٤٧.

[112] مستەفا نەریمان، ئەدیب و نوسەرانی کفری و دەوروپشتی، ل ٢٩٢.

[113] وریا سالح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٨.

[114] مستەفا نەریمان، ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروپشتی، ل ٢٩٢.

[115] بڕوانە : گۆڤاری (بەیان) ، ژمارە (٩٢) ، تشرینی دووەمی ١٩٨٣.

[116] بڕوانە : مستەفا نەریمان، بیرەوەریەکانی ژیانم ، بەغدا، ١٩٩٤، ل٢٥٨ .

[117] بڕوانە : گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ) ، ژمارە (٩٤) ، ساڵی ١٩٨٢.

لیستی سەرچاوەکان :

أ- کتێبەکان:

بەزمانی کوردی :

١. ئازاد هیدایەت دەلۆ ، دیداری رۆشنبیری ، هەولێر ، ٢٠٠٥.

٢. ئەحمەد باوەڕ، دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی عێراق- ئێران (١٩٣٧-١٩٤٧)، سەنتەری ستراتیجی کوردستان، سلێمانی،٢٠١٠.

٣. ئەحمەد باوەڕ، کۆمەڵەی یانەی سەرکەوتن، چاپخانەی ئوفیستی تیشک ،کەلار، ٢٠٠٤.

٤. حسین ئیسماعیل خان دەلۆ، ناوچەی کفری لەنێوان ساڵانی (١٩١٤-١٩٤٥)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر، ٢٠١٤.

٥. حەسەن جاف، ئەو قسانە بەو پێوانە باویان نەماوە، مطبعة الزمان، بەغدا، ١٩٩٦.

٦. سالح هەلاج، گوڵبژێرێک لە شیعرو شاعیرانی گەرمیان، کەرکوک ، ٢٠٠٨.

٧. سمکۆ بەهرۆز(ئەژی)، مێژووی ئەو کۆمەڵە و رێکخراو حیزبانەی لەناوچەی کەرکوک دامەزراون، چاپخانەی بینایی ، کەرکوک ، ٢٠٠٦.

٨. سوهیل خورشید عزیز، مێژووی ناوچەی گەرمیان چینەکۆمەڵایەتیەکان و رێکخراوە سیاسیەکانی نێوان ساڵانی (١٨٧٠-١٩٧٠)، چاپخانەی یاد، سلێمانی،٢٠١٥.

٩. صلاح الدین عبدالحمید عبدالله، شاری کفری لە تەرازووی ڕەسەنایەتی و شارستانیەتیدا، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٠. عبدالرحمن قاسملۆ و عبدالله حین زادە،کورتە مێژووی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چاپخانەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بێ شوێنی چاپ ، ٢٠٠٢.

١١. عبدالکریم بەرزنجی، ناودارانی گەرمیان،بەرگی یەکەم،چاپخانەی گوڵان،٢٠١٨ .

١٢. عمر حاجی عەلی زەنگەنە، لەبیرم دێ ژانەکانی کورد و شۆڕشی ئەیلوولی١٩٦١،چاپخانەی ئارابخا،کەرکوک،٢٠٠٨.

١٣. عومەر عەلی شەریف، لەیادنامەی کەرکوک و گەرمیانەوە، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک ، ٢٠٠٦.

١٤. عومەر عەلی شەریف، ١٠٠ ناوداری کەرکوک و گەرمیان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩.

١٥. فەیسەڵ دەباغ، حزبی هیوا و شۆڕشی ١٩٤٣-١٩٤٥ی بارزان ،دەزگای راگەیاندنی گوڵان، هەولێر،١٩٩٧.

١٦. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

١٧. محەمەد شاکەلی، گەرمیان رابردووی نزیک و ئاییندە، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٨. محەمەد شاکەلی، قەزای کفری شارەدێی کەلار لەپەنجاکانداوپاسەکەی حاجی حەسەن(١٩٦١-١٩٧٥)، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک ،٢٠١٢

١٩. محەمەد فاتیح،حزب و رێکخراوە سیاسیە عێراقیەکان، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی،٢٠٠٢.

٢٠. محەمەد مەلاقادر، خەباتنامە ،چاپخانەی خەبات ، دهۆک،بێ ساڵی چاپ.

٢١. مستەفا نەریمان، بیرەوەری یەکانی ژیانم، چاپخانەی دارالحریة، بەغدا ، ١٩٩٤

٢٢. مستەفا نەریمان، ئەدیب و نوسەرانی کفری و دەووروپشتی ، بەغدا ، ٢٠٠٧.

٢٣. مستەفا نەریمان، شۆڕشی برایم خانی دەلۆ ١٩٢٠، چاپی دووەم، هەولێر،٢٠٠٧.

٢٤. مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان، پێداچوونەوە و ئامادەکردنی: ئازاد هیدایەت دەلۆ، کەرکوک،٢٠٠٦.

٢٥. مستەفا نەریمان، ببلیۆگرافیای کتێبی کوردی (١٧٨٧-١٩٧٥)، بەغدا،١٩٧٧.

٢٦. مەهدی محمەد قادر، پێشهاتەسیاسیەکانی کوردستانی عێراق ١٩٥٤-١٩٥٨، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٢٧. ناهیده ڕەفیق حیلمی، بەسەرهاتی ڕەفیق حیلمی، بەشی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

به زمانی عەرەبی :

٢٨. الشيخ عطا طالباني، ذكريات ايام النضال في كوردستان، مطبعة ئارا، السليمانية ، ٢٠١٠.
٢٩. جەمال بابان ، اعلام كرد العراق، السليمانية ،٢٠٠٦.
٣٠. سهيل خورشيد عزيز، صفحات من تاريخ منطقة كفري،مركز(تەما)للطابعة والنشر، السليمانية ، ٢٠٠٢.
٣١. شاخەوان عبدالله صابر، رفيق حلمي، مطبعة شڤان، سليمانية ، ٢٠٠٧.
٣٢. عبدالستارطاهر شريف، الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكرديه في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨،ط ٢، من منشورات دار (سردم) للطباعة و النشر، السليمانية ،٢٠٠٧.
٣٣. كاظم حبيب، لمحات من نظال حركة التحرر الوطنى للشعب الكردى في كردستان العراق،ط ٢، اربيل،٢٠٠٥.
٣٤. مسعود البارزانى، البارزانى و الحركة التحررية الكردية ثورة ايلول١٩٦١-١٩٧٥، جزء ٣ ،اربيل ،٢٠٠٢.
٣٥. هلبين محمد مزورى، حزب هيوا- الامل (١٩٣٩-١٩٤٥)، مطبعة حاجى هاشم، أربيل، ٢٠٠٨ .
٣٦. وريا عمر امين، تحديد العلاقات البنيوية للتقومين الميلادي و الهجري و تأسيس نظام للتقويم الكردي، مطبعة حاجى هاشم، أربيل، ٢٠٠٨.

ب -گۆڤار

به کوردی :

٣٧. ئەحمەد باوەڕ، پارتی هیوا له دروستبوونیەوه له کەرکوک تاوەکو هەڵوەشانەوەی له کۆبوونەوەی کەلاردا(١٩٣٧-١٩٤٤)، کەرکوک (گۆڤار)، ژماره (١)، هاوینی ٢٠٠٠.
٣٨. ئەحمەد باوەڕ، کورتەیەک سەبارەت بەگەشەکردن و سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانی نهێنی کوردی له گەرمیاندا ١٩٤٠-١٩٧٠، کەرکوک(گۆڤار)، ژ(٥)، ساڵی دووەم ،هاوینی ٢٠٠٠.
٣٩. ئازاد هیدایەت دەلۆ، مژدەیەک بۆ کوردستان ، ڕەنگین ، ژماره(١٢٠) ، ١٩٩٩.
٤٠. ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، ئیندێکسی ڕۆژنامەوانی نهێنی کوردی تاوەکو ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، ڕۆژنامەنوس(گۆڤار)، هەولێر،ژماره(١)، ٢٢/٤/٢٠٠٤.
٤١. ڕەنگین (گۆڤار) بەغدا، ژماره (٦٧) ، ١٩٩٤.
٤٢. سواره حەسەن باجەلان ،مێژووی کەلار، ب ٣،بانەڕۆژ(گۆڤار)، کەرکوک ،ژ(٢٦)،کانوونی دووەمی ٢٠٠٦.
٤٣. عومەر عەلی شەریف، مستەفا نەریمان چەند بیرەوەریەکی کەرکوک، نەوشەق(گۆڤار) کەرکوک، ژ(٢)،١٩٩٣.
٤٤. فواد حەمەخورشید، هەندێ تێبینی دەربارەی پارتی هیوا و چوونه ناو باسەکه و پرسیار له ئەندامەکان، ڕەنگین (گۆڤار) بەغدا ،ژ(٨٨)، ساڵی ١٩٩٦.
٤٥. گۆڤاری (بەیان) ، ژماره (٩٢) ، تشرینی دووەمی ١٩٨٣.
٤٦. گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژماره (٩٤) ، ساڵی ١٩٨٢.
٤٧. مستەفا سەید احمد، اوازێک لەنەوجوانێکەوە،(گەلاوێژ) گۆڤار، بەغداد، ژماره(١٠)،ی ساڵی ١٩٤٣.
٤٨. مستەفا نەریمان، کوردێکی شۆڕه سوار برایم حەمەخانی گێژ ، ڕەنگین (گۆڤار) بەغدا، ژ(٥٤) ، ١٩٩٣.
٤٩. موکەرەم تاڵەبانی، کۆمەڵەی دار و پارتی هیوا چۆن دامەزران، ڕەنگین، ژماره(٥٢) ، ١٩٩٣.
٥٠. وریا سالح، ساتێک لەگەڵ کاروانی پڕسەروەری نوسەر ومێژوونووسی بەناوبانگ مستەفا نەریمان، شەم(گۆڤار)کفری ، ژ(٤-٥)، ٢٠٠٢

ج- ڕۆژنامه :-

بەزمانی عەرەبی :

٥١. أعداد جريدة الناقوس، مصطفى نريمان و قصتة مع اول مفكرة جيب كردية ،(الناقوس) كفري ، عدد(٤)، ٢٦/٥/٢٠٠٧.
٥٢. قيس قرەداخى، في رحاب ذكرى (مصطفى نريمان)،الناقوس(جريدة)،عدد(٤) ،٢٦/٥/٢٠٠٧.

٥٣. كريم حميد عزيز، مصطفى نريمان يروي احداث كركوك عام ١٩٥٩ بشكل تفصيلي و كشاهدعيان ، الناقوس ،جريدة ، عدد(٤)، ٢٠٠٧/٥/٢٦.

٥٤. مصطفى احمد محمد، نريمان مناضلاومربياومؤرخا،الناقوس(جريدة)،عدد(٤)، ٢٠٠٧/٥/٢٦.

٥٥. مكرم سيد احمد البرزنجي، مكتبة مصطفى نريمان من بغداد الى كرميان،الناقوس(جريدة) ،عدد(٤) ، ٢٠٠٧.

د - نامەی زانكۆیی :

٥٦. ئازاد عوبێد ساڵح، ڕۆڵی سیاسی وكارگێڕی و ڕووناكبیری مەعرووف جیاووك(١٨٨٥-١٩٥٧)،تێزی دكتۆرا، پێشكەش بە بەشی مێژووی كۆلێجی ئەدەبیاتی زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر كراوە، ٢٠٠٨.

٥٧. زیاد نعمان محمود، خانەقین لەنێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٥٨)، ماستەرنامە، پێشكەش بە بەشی مێژووی كۆلێجی ئادابی زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر- كراوە ، ٢٠١٧.

هـ - ڕاپۆرتی تەلەفزێۆنی :

٥٨. ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی كەناڵی خاك لەسەر مستەفا نەریمان ، (khak. tv. Net).

ر- بەڵگەنامە :

٥٩. دەقی نامەكەی مستەفا نەریمان بۆ نەریمان عەزیز پشتیوان، پاشكۆی ژمارە(٣).

٦٠. ڕۆژمێری كوردستان ، ١٩٦١ ، پاشكۆی ژمارە (٤).

ز - چاوپێكەوتن

٦١. چاوپێكەوتن لەگەڵ سەید فاتیح برای مستەفا نەریمان ، هەولێر ، ٢٠٠٩/١٢/٢٣:

٦٢. چاوپێكەوتن لەگەڵ محەمەد سالار كوڕی مستەفا نەریمان، هەولێر ، ٢٠٢١/٥/٥.

و- سەرچاوە ئەلكترۆنیەكان بە زمانی كوردی (ئینتەرنێت):

٦٣. نەجاتی عەبدوڵلا ، بابەتێك لەبارەی وشەی بیبلیۆگراف ، ٢٠ی ئەیلولی ٢٠٢٠.

ی - سەرچاوە ئەلكترۆنیەكان بە زمانی عەرەبی(ئینتەرنێت):

٦٤. موقع الكتروني مجلة الكاردينا، د.ابراهيم خليل العلاف، تاريخ دار المعلمين العالية في بغداد ١٩٢٣-١٩٥٨، التاريخ النشر ٢٠١٦/٨/٢١.

پاشكۆكان



ژماره (٣٨١٣) رۆژی ١٦/١٠/١٩٤٤

امـــر اداری

الموضـــوع / تعييـــن معلمين

استنادا الى الصلاحيه المخوله لنا بكتاب مديريه المعارف العامـه المرقم ٤٥٦١ والمؤرخه فی ٨/٣/١٩٤٣ . قررنا تعيين الذوات المدرجه اسماؤهـم ادناه من خريجی دار المعلمين الابتدائيـه لسنـه ١٩٤٣ ـ ١٩٤٤ معلمين على الملاك الابتدائی براتب شهری قدره (١٠) عشره دنانير على سبيل التجربه لمدة سنة ونصف اعتبارا من تاريخ مباشرتهم العمل وقد نسبنا تعيينهم فی المدارس المبينه ازاء اسمائهم مع العلم بان المادة الرابعه من قانون الخدمه المدنيه متوفره فيهـم

توقيـــع

مديريه معارف المنطقه الشماليه الشرقيه

پاشكۆی ژماره(١) فەرمانی دامەرزاندنی مستەفا نەریمان وەكو مامۆستا لە ساڵی ١٩٤٤.

پاشكۆی ژماره (٢) وێنەی مستەفا نەریمان



بەڕێز کاک نەریمان

لە پاش سڵاو و هەواڵ پرسین، بە تەمابووین لەم ڕۆژانە

بگەڕێینەوە، گەرمای ئێرە زۆر بە تینە وابزانم تا مانگی تریش

هەروەها ئەبێت.

پاشکۆی ژمارە(٣)، نامەی مستەفا نەریمان بۆ نەریمان عەزیز پشتیوان لە سوڤیەت ١٩٧٨



پاشکۆی ژمارە(٤)، وێنەی ڕۆژمێری کوردستان کەلەلایەن نەریمانە دانراوە لەساڵی ١٩٦١

Abstract

Mustafa, son of Ahmad, son of Abdulsamad, was born on (27 June 1924), in the city of Kifri, known as Mustafa Nariman, and completed his primary school in Kifri, and then He completed his middle school in Kirkuk. He later graduated from a (teacher's dar) in Baghdad in 1944. He has been a teacher in the cities of Kalar, Kirkuk and Kut. He has been arrested and transferred for his political opinions . He published his first Kurdish calendar in 1957. He has been arrested by the government. He has also set up a bibliography for Kurdish books. He played a political role in the (Hewa) and (KDP) parties. At the beginning of the revolution of (14 July, 1958), he became a member of the Kurdish delegation to congratulate Abdelkarim Qassim. It has also submitted a Kurdish education request to the Abdelkarim Qassim government.

He settled in Baghdad in 1967. It was opened in 1982 as an (educational inspector)in Baghdad. He was a member of the (Kurdish Information Agency) and He has worked as a journalist. He has written (23) books. He died on (27 May,1994) in Baghdad.

This research consists of a preface and three sections and a conclusion, in the first part it discusses the life and education and teaching of Mustafa Nariman. The second part discusses Mustafa Nariman's political role in the (Hewa) and (KDP) parties. The third part discusses the role of enlightenment. It includes books and journalistic work and open writing. Finally, the most important results are analyzed.